دەزگای میدیایی کەرکوک دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

گۆڤاری TV
مجلة

10
شوباتی 2022

ڕووناک دڵپاک :
جیهاد دڵپاک موڵکی هەموو کوردستانە



حوسێن عەلیزادە ..
هونەرمەندە ئازەرییەکەی ئێران
چۆن باس لەمۆسیقای کوردی و هونەرمەندانی کورد دەکات؟

TV گۆڤاری مجلة

لەم ژمارەیەدا

حەسەن هەیاس:
هەرێم هەرچەندە خاوەن سەنگە، بەڵام بێ خانەقین و کەرکوک سەنگی ئەو هەرێمە لەنگە
ل ١٩ ....



لەرەنگی گۆمەزێ سادەیی من
خالید کاوێس قادر .... ل ٢٦

الشاعرة آمنة محمود :
كركوك كانت وستبقى مدينة ابداع وتمييز
ص ٤٢ ....

كركوك .. دورة لتعزيز قدرات النساء الاعلاميات
ص ٤٥ ....

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوک بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئيس التحرير
رەوان تاڵیب

دیزاین - تصمیم
دڵشاد زەنگنە

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات
KRT
07707273939
07503203929

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية
رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

کەرکوک و لۆژیکی گفتوگۆ

لەتیف فاتیح فەرەج

کێشەیەکی گەورە لە کەرکوک کێشەی نەخوێندنەوەی یەکترە، نەخوێندنەوە زیاتر نەبینینی یەکتر، ئەمە کێشەی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کەرکوکە ، لەلایەکەوە لە ناو خۆیاندا، لەلایەکی ترەوە لە گەڵ یەکتر، یانی بەرلەوەی گفت و گۆی ئاوەزیانەی پێکهاتەکان لەگەڵ یەکتر دەست پێبکات، پێویستە گفتوگۆی نێو خۆیی، واتە هەر پێکهاتەو لە نێو خۆیدا پەرە پێبدات، عەرەب لە ناو خۆیاندا، کورد لە ناو خۆیاندا، تورکمان لە ناوخۆیاندا، پاکێجی هەرسێ نەتەوە ئامادە بکرێت، دواتر لە نێو ئەو سێ پاکێجەدا خاڵە هاوبەشەکان بکرێن بە بنچینە، کێشە ئەوەیە کورد راو بۆچونی جیای هەیە لەسەر چارەسەری کێشەی کەرکوک، تورکمان و عەرەبیش وسایە، جارێ لە ناوخۆیاندا رێکەون دواتر مێزی گفتوگۆی پێکهاتەکان دابنەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لۆژیکیانە هەنگاو بنرێت، نەک دیدی ناسیونالیستانەی دور خەرەوە و دابراو لە یەکتر .

رقی سیاسی لە یەکتر جۆرێك لە لێکدابران و پشتکردنە یەکترو هەروەها سەنگەر لە یەکترگرتنی هێناوەتە ئاراوە، بە جۆرێك كە زەمینە سازاوە بۆ ئەوەی خەڵكانی تر و وڵاتانی دیکە بە پێی دەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆیان کاری تێدا بکەن، یانی لە دەرەوەی ویستی خۆیانە بۆ گەیشتن بە چارەسەر، وڵاتانی تر هەمیشە جۆرێك لەمپەر لە بەردەم گفتوگۆی لۆژیکیدا دروستدەکەن، نەتەوە پێکهاتەکانی نێو کەرکوکیش بە هۆی ئەو دابڕانە لە یەکتر، ترسێکیان بەرانبەر هەر هەنگاوێکی یەکدی هەیە، بۆیە خۆیان دەبنە هۆکاری دستراکێشانی ئەوی دەرەوەی خۆیان، لە کاتێکا ئەوی تر ئامانج و مەبەست و مەرامی خۆی هەیە نەك چارەسەری ریشەیی كێشەكان .

ئەوەی تا ئێستا مایەی بونی هیواو ئومێدی چارەسەرە، ئەوەی کە ئەم رقە زۆر کەم کاریگەری بۆ سەر خەڵکی ئاسایی هەبووە، یانی رقی نێو بارەگا سیاسییەکان لە یەکتر لە بیرو بۆچونی یەکتر، لە ئاڵاو زمانی یەکتر نەیتوانیوە شۆڕبێتەوە بۆ نێو بازاڕ، مزگەوت، قوتابخانەو گەرەك و شوێنگەلی دیکە، بیرمان نەچێت هەندێ جار هەوڵی زۆر دراوە ئەم رقە بگەیەنرێتە نێو زانکۆ ناوەندە ئەکادیمیەکان و نێو میدیا، لەو بارەیەوە هەمیشەو بەرلە دوو دەیە ئەو ترسەم نیشانداوە، کە ناکرێت ئەم رقە شۆڕبکرێتەوە بۆ نێو زانکۆ و شوێنەکانی تر، لە راستیدا دەبێت زانکۆ ببێتە ناوەندی ئەو گفتوگۆو دایەلۆگەو خاوەن رایەکانی زانکۆ بەرپەرچی ئەو سیاسیانە بدەنەوە کە ئامانجیان نەدۆزینەوەی چارەسەرە .

لە کەرکوکدا زەمینەی گفتوگۆو پێکەوەژیانی ئاشتیانە زۆر لە بارە، ئەمەش لە بەر چەند هۆیەکی زۆر سادە لەوانە :

یەکەم : دیرۆکی هاوبەشی کەرکوکیەکان، بونی مێژویەکی دورو درێژ پێکەوە بەرادەیەك تێکەڵ بوون کە هەندێ خانەوادەو بنەماڵە هەندێکیان خۆیان بە تورکمان دەزانن و هەندێکیان خۆیان بە کورد، یان بە عەرەبیش، سێ نمونەی زەق و دیار باس دەکەم هەر یەك لە بنەماڵەی هیجری دەدەیی کاکەیی، خۆی کوردی ساغ بووە، بەڵام نەوەکانی هەندێکیان تێکەڵ بە تورکمان بوونەو خۆیان بە تورکمان دەزانن، ماڵی مامۆستا محەمەد ئەمین عەسری ، ئەوانیش بە هەمان جۆر، هەروەها خێزان و خانەوادەی جەلیل قەیسی، من ئەو سێ نمونەیەم بۆیە هێنایەوە تا بڵێم ئەوە لە ناو خوێنەوارەکاندا ، ئەی ئەگەر زیاتر شۆڕ بینەوە .

دووەم : بونی نەوت و سامانی سروشتی، ئەمەش هۆیەکی تری پێکەوەژیانی ئاشتیانەو پەرمێدانی کەرکوکە ، ئەگە کەرکوکیە خاوەن ئاوەزەکان خۆیان خاوەنداریتی لە شارەکە بکەن، لە تەنیشت بوونی نەوتا، شوێنەوارو زیاروو دیرۆکیش رۆڵی خۆیی هەیە، بوونی کۆمپانیای نەوت و دەستی کارو سەرمایەی شارەکە دەشێت کەرکوک بکات بە یەکێ لە شارە جوان و شیرینەکانی ناوچەکە بە گشتی .

سێیەم : چارەنووسی هاوبەش، واتە پێکەوە بونێکی هەمیشەیی، گەرەکی هاوبەش، گۆڕستانی هاوبەش، بازارو شوێنکاری هاوبەش هەموو ئەمانە ئەو گرێبەستەی پێکەوە ژیانە توند تر دەکەن، بەعس بۆ دەیان ساڵ کاری لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو چارەنووسە کرد، بەڵام شکستی خوارد، ئێمە لە زۆر بابەت و نووسینی پێشتردا لە سەر سیاسەتی بەعس دواوین.

هەڵبەت خاڵگەلی دیکەش زۆرن، بۆیە باشترین و کورتترین رێگە بۆ کەرکوکیەکان لۆژیکی گفتوگۆو گەیشتە بە رێکەوتنی ئاکاری، رێکەوتنێك بۆن و بەرامەی شاربوون بۆ کەرکوک بگێڕێتەوە .

لە بەرنامەی(هەڵۆکان)ـی دەزگای میدیایی کەرکوکەوە

شەهید ئاکۆ سور

فەرماندەو پارتیزانی رۆژە سەختەکان

بەرنامەی (هەڵۆکان)، یەکێکە لە بەرنامەکانی دەزگای میدیایی کەرکوك و لە لایەن (عەبدوڵا سەنگاوی)ـیەوە پێشکەش دەکرێت، هەر جارەو باس لە تێکۆشەرێکی ئەم نیشتیمانە دەکات، بە تایبەتی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ئامادە نەبوون کوردستان بۆ بەعسیەکان چۆڵ بکەن.

شەهیدی فەرمانده ئاكۆ ئەحمەد محەمەد، ناسراو بە (ئاكۆ سور) لە ساڵی ١٩٦٥ لەگوندی سێگردکان، لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر لەدایکبوە، تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، مام ئەحمەدی باوکی ناسراوبوو بە (ئەحمەد قانات)، کە هەمیشە دەرگای ماڵەکەی بە ڕووی پێشمەرگەو لێقەوماوان و ڕێبواران کراوەبوو.

ساڵی ١٩٨٠ لەتەمەنی ١٦ساڵی پەیوەندی بە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی دووی کەرکوك و بەشداری فەرماندەیی چەندین داستان و نەبەردی شۆڕشگێڕانەی کردووە وەك، شەڕەکانی ناو کەرکوك و سەرجادەی کەرکوك، تولکی، پردێ، هەولێر، نەبیاوە، مەڵبەندی سێ، شەڕەکانی سەرکردایەتی، کوردستانی ئێران و دۆڵی جافایەتی ودەیان و سەدان چالاکی و نەبەردی قارەمانانەی دیکە لەدژی داگیرکەرانی کوردستان.

شەهیدی فەرمانده ئاكۆ سور، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە پلە بە پلە هەر لە فەرماندەی مەفرەزەوە تاکو جێگری لیوای تایبەتی کەرکوك، بۆ وچانێکیش کوردستانی بە جێنەهێشتوە، دوای ئەنفالەکان فەرماندەی ڕستی کەرکوکی پارتیزانەکان بووە لە دۆڵی هەنارەی ناوچەی شێخ بزێنی و لەبەر لێهاتویی و دانەبڕانی لە خەباتی درێژخایەنی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، مەدالیای زێڕینی یەکێتی نیستیمانی کوردستانی پێبەخشراوە.



شەهیدی فەرمانده ئاكۆسور، ڕۆڵی گرنگی هەبوە لە دروستکردنەوەی شانە چەکدارەکانی ناو شاری کەرکوك و دەوروبەری و هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت لە رزگارکردنی شاری کەرکوکی قودسی کوردستان و قەڵای پۆڵاینی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

شەهید ئاكۆسور، لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی چوار، لە ناوچەی شێخ بزێنی، رۆڵێکی گرنگی هەبوو، لە دەربازکردنی سەدان هاوڵاتی و ژن و منداڵ، لە ڕێگای کەڵەکەوە لەئاوی زێی بچووك بۆ بەری هەولێر، کە خۆی کەڵەکەی لێدەخوڕی و ئەوکاتیش رژێمی بەعس لە بەنداوی دووکانەوە ئاوی زێی بچووکی بەردابووەو ئاستەنگی زۆری بۆ پەڕینەوەی هاوڵاتیان دروست کردبوو لە بەری کەرکەوە بۆ بەری هەولێر.



شەهید ئاكۆسور، نمونەی یەکێك بووە لە پێشمەرگە هەرە ئازاو قارەمانەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لە کاتی رزگارکردنی شاری کەرکوك لە ١٩٩١/٣/٢٠ یونسی برای شەهید دەبێت، وەك فەرماندەیەك شەهید ئاكۆ سەنگەرەکەی چۆڵ ناکات و بەرگری قارەمانانە دەکات تا خۆشی بریندار دەبێت، بەڵام حەیف و سەد مخابن لە رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ لە چیای سەفین لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، جگە لە خۆی پێنج برای شەهید بووە بە ناوەکانی(مەلا سەمەد، ساڵح بیکەیسی، یونس، محەمەد، بەکر).

لەپاش خۆی سێ منداڵی چاوگەشی بەجێهێشت بەناوەکانی (دارا، ئازار، کانیاو.) کە دواتر یەکێك لە کوڕەکانی لەشاری کەرکوك لە پرۆسەی ئازادیدا شەهید دەبێت.

سزای ئابوری لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

* بورهان شیخ رەئوف

سزا ئابوریەکان یەکێکەلە ئامرازە دیبلۆماسیەکان ،بەڵام ئامرازێکی تیژ ، دەوڵەتان بەکاری دەهێنن بۆ سەپاندنی واقیعێك یان سیاسەتێك یان ئامانجێك کە بە سیاسەت و جەنگ بۆیان بەدی نایەت . بیرۆکە سزائابوریەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ،لەشێوەی گەمارۆی ئابوری بۆ سەر وڵاتێکی دەستدرێژکار ،یان وەکو کەرەستەیەك بۆ پەلهاویشتن و سەپاندنی هەژموون بەسەر دەروداروسێدا . لە سەردەمی تازەیشدا سزا ئابورییەکان وەکو چەکێك بەکاردەهات لە زۆر بارودۆخی جیاوازدا ،سەرەتا کۆمەڵەی گەلان دژی ئیتالیا بەکاری هێنا ساڵی ١٩٣٥ کاتێك ئەسیوبیای داگیرکرد ، بەڵام گەمارۆ سەرکەوتوو نەبوو لە کۆتایی هێنان بە داگیرکارییەکەدا ، لە چوار دەیەی یەکەمی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ، هیچ بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە دەرنەچوو جگە لە دوو حاڵەتی رودیسیا و باشووری ئەفریقیا .

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە شێوازێکی فراون دەستی بۆ سزا ئابوورییەکان برد ،بەدیاریکراوی سزای ئابووری سەپاند بەسەر هەریەك لە عێراق و یۆگسلافیای جاران و هاییتی و سۆمال ولیبیا و لیبریاو ئەنگۆلا و رواندا‌و سودان .

پێناسەی سزای ئابووری:

کۆمەڵێك ڕێوشوێنی دارایی و ئابوورییە کە وڵاتێك یان کۆمەڵە وڵاتێك پێکەوە یان ڕێکخراوێك یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان پێکەوە دەی سەپێنن بەسەر دەوڵەتێك یان ڕێکخراوێك یان کۆمپانیایەك یان هەرکەسێکی ترەوە ، بە پاساوی ئەنجامدانی کاری دوژمنکارانە یان تێکدانی ئاشتەوایی و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتی ،یان ناچارکردنی لایەنێك بۆ پاشگەزبوونەوە لە بابەتی سیاسی و ئابووری و سەربازی ، کاتێك پەنا بۆ سزای ئابووری دەبرێت کە هەموو ڕێکارە سیاسیە بەردەستەکان شکست بهێنن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشەو قەیرانە ، هەندێك لەو بڕوایەدان کە سزای ئابووری جۆرێکی جوانکراوی دەستوەردانی سەربازییە ، کە دواجار دەچێتە خانەی ڕق و کینەو زۆرداری و زۆرەملێوە .

لەم ساڵانەی دواییەدا سزای ئابووری بە تایبەتی سزای بازرگانی گشتی بووە مایەی بێزاری و نیگەرانی زۆری ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان ، کاریگەرە نەرێنیەکانی ئەم سزایانە لە ڕووی مرۆییەوە ،چونکە ئەم ڕێکخراوانە بە هۆی کاری مەیدانیانەوە توانیبوویان کاریگەرییە سەختەکانی ئەو سزایانە بە چاوی خۆیان ببینن و دۆکۆمینتی بکەن ، لەلایەکی ترەوە سزاکان هەر کاریگەری خراپیان لەسەر هاوڵاتیانی وڵاتی بە ئامانج گیراو نابێت ، بەڵکو کاریگەریشی بۆ کۆمەکی مرۆیی هەیە .

لیستی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا

ئەمریکا و هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانی دەتوانن لەم لیستی سزایانە کامەی گونجاوە بەلایانەوە بەکاری بهێنن بۆ سزادانی ئەو وڵاتان و ڕژێمانەی کە دڵخوازی واشنتۆن نین و سەرپێچی یاسای نێودەوڵەتیان کردووە :

١. بلۆککردن (تجمید) واتە دەستبەسەراگرتنی هەموو ئوسولی دارایی وڵاتەکە لە دەرەوە ،بلۆککردنی ژمێریاری دامەزراوەکانی دەوڵەت و ئەو کەسانەی کە دەستیان هەیە لە بڕیارداندا کە خۆرئاواییەکانی تووڕە کردووە .

٢. کۆت و بەندی دارایی : دوورخستنەوە لە سیستمی حەواڵە کردنی دارایی پارە (SWIFT) بۆناردن و گواستنەوەی پارە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان ، ئەم سیستمە لەلایەن هەزاران دامەزراوەی داراییەوە لە زیاتر لە دوو سەد وڵاتەوە بەکار دەهێنرێت ، بۆ نمونە ئەم سزایە لە ساڵی ٢٠١٢ دژبە ئێران بەکارهێنرا کە بەهۆیەوە ئێران بەشی زۆری داهاتی نەوتی و بازرگانی دەرەوەی لە دەستدا .

٣. دوورخستنەوە لە مەقاسەی دۆلار : قەدەغەکردن وبلۆککردنی هەموو ئاڵوگۆڕێکی دراو کە بە دۆلاری ئەمریکی ئەنجام بدرێت ، سزادانی هەر کۆمپانیایەکی خۆرئاوایی کە هەڵسوکەوت و ئاڵوگۆڕی دارایی لەگەڵ وڵاتی سزادراودا بکات .

٤. ڕێگرتن لە دەستگەیشتن بە بازاڕی قەرزە نێودەوڵەتیەکان: ئەمە ڕێکارێکە ڕێگرە لە بەدەستهێنانی پارەی قەرز بۆ گەشەپێدان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی تێچووی قەرز لە وڵاتداو دابەزینی بەهای پارەی نیشتمانی .

ئەمریکا و خۆرئاواییەکان و سزای ئابوری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ ڕاهاتوون لە سەر ئەو شێوازە بۆ سزادان و بە ئاگا هێنانەوەی هەموو ئەو ڕژێم و دوڵەتانەی کە یاخی دەبن لە واشنتۆن و یارەکانی ، تەنانەت وای لێهاتووە ئەمریکا و دۆستەکانی لەهەرشوێنێك دوکەڵێك بەرز ببێتەوە ،خێرا دەست دەبەن بۆ چەکی سزای ئابووری و بلۆککردنی دارایی .

قەیرانی ئۆکرانیاو سزای ئابووری

لەسەرەتای ئەمساڵدا ٢٠٢٢ کە قەیرانی ئۆکرانیا سەری هەڵدا لە نێوان ڕوسیا ئۆکرانیادا ، یەکەم کاردانەوەی پایتەختەکانی ناتۆ هەڕەشەیەکی ئەمریکی و خۆرئاواییەکان بوو بە سەپاندنی سزای ئابووری قورس و گورچکبڕ بە سەر ڕوسیادا ، ئەگەر ئۆکرانیا داگیر بکات .

لەم ساڵانەی دواییەدا سزای ئابووری بژاردەی خۆشدەست و لە پێشینەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانێتی بۆ بە گژاچوونەوەی هەڕەشەو دەستدرێژی ڕکابەرەکانیان ، وەکو جۆرێك لە خۆ لادانیش لە جەنگی سەربازی و بەریەککەوتن .

ئەو وڵاتانەی کە سزاو ئابڵووقەی ئابوورییان خراوەتە سەر لەم ساڵانەی دوایی دوای جەنگی ساردا هەوڵدەدەم بە کورتی تیشکێکیان بخەمە سەر:-

١. عێراق :

یەکێك لەو وڵاتانەی کە توندترین سزای نێودەوڵەتی خرایە سەر بۆ ماوەی سیازدە ساڵ عێراق بوو ، لە دوای داگیرکردنی دەوڵەتی کوەیتی دراوسێوە لە ٢/ئابی ١٩٩٠ تاوەکو داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە ،تا ئێستاش عێراق وێڵە بە دوای پارەو سامانە بلۆککراوەکانی لە بانکەکانی جیهاندا ، بەهۆی ئەو سزاو ئابڵووقە ئابوورییانەوە نزیکەی یەك ملیۆن و نیو هاوڵاتی عێراق بوونە قوربانی کە زیاتر لە نیو ملیۆنیان منداڵ بوون ، لەو ماوەیەدا عێراقیەکان بێبەشکران لە بەدەستهێنانی خۆرك و دەرمانی پێویست .

٢. لیبیا :

یەکێکی تر لەو وڵاتانەی خرایە ژێر سزای ئەمریکاوهاوپەیمانەکانیەوە دەوڵەتی لیبیا بوو ، هەموو پارەو قەواڵە داراییەکان و وەبەرهێنانە دەرەکیەکانی دەوڵەتی لیبیا لە کۆمپانیاو بانکە ئەمریکی و ئەوروپیەکان کە بە ٢٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی زیاتر دەخەملێنرا بلۆککران بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (١٩٧٣) لە ئازاری ٢٠١١دژ بە ڕژێمی قەزافی .

٣. ئێران:

یەکێکی تر لەو وڵاتانەیە درێژترین ماوە لە ژێر سزاو ئابڵووقەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا بووە ، هەر لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێك هەندێك لە قوتابیانی ئێرانی باڵوێزخانەی ئەمریکایان لە تاران داگیر کرد ، یەکەم رەزمە سزای خرایە سەر دواتر لە ساڵی ١٩٨١ کاتێك بارمتە ئەمریکیەکان ئازاد کران سزاکان لابرا ،جارێکی تر ساڵی ١٩٨٧ لە سەردەمی رۆناڵد ریگان سزاکان خرانەوە سەر ئێران بە تۆمەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی کەنداو بەرژەوەندی ئەمریکا ، جارێکی تر لە ساڵی ٢٠٠٦ قۆناغی سێیەمی سزاکانی خرایە سەر بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ١٧٣٧ بەپاساوی ئەوەی ئێران قایل نابێت بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم بووەستێنێت ،تا ئێستاش سزاکان بەردەوامە لە سەر ئێران ، وتوێژەکانی ڤیەنا لە ئارادان بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە.

٤. ئەفغانستان:

ئەمریکا لەدوای هێرشەکانی ١١ سپتەمبەر ٢٠٠١سزای توندی سەپاند بە سەر بزوتنەوەی تاڵیباندا .

لە کۆتاییدا دەکرێت بپرسین ئایا ئەم سزایانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئامانجەکانیان دەپێکن ؟ ئایا ئەم سزا بە کۆمەڵەی گەلان ڕەوایە ؟ لە کاتێکدا خەڵکانێکی کەم هەندێك کارو کردەوە ئەنجام دەدەن دژ بە بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەمریکا ،ئەوەی ڕوونە ئەو وڵاتانەی کە ئەم سزاو ئابڵووقانەیان دەخرێتە سەر زۆر ڕێگایان دۆزیووەتەوە بۆ خۆ ڕاهێنان لە گەڵ سزاکان و خۆ دزینەوەو پێچ لێدان .

ئۆڵگا لوزاردۆ

جەنگاوەرو ڕۆژنامەنووس و شاعیری کۆمۆنیستی ڤێنزویللا

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

لەیادی پێنج ساڵەی ژیانئاوایی ئەم شاعیر و جەنگاوەرە کۆمۆنیستە

ئۆڵگا مەرگەریتا لوزاردۆ فینۆل جەنگاوەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری کۆمۆنیستی ڤێنزویللا لە ٢٩ ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٦ لە ڕۆژئاوای هەرێمی زولیا لەدایکبووە و یەکێك بووە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ڤێنزویللا. ئۆڵگا لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا دەبێتە بەشێك لە حەلقە مارکسیستەکانی مەرەکایبۆ دواتر لەڕێگەی مامۆستا و شاعیر هیزوس ئێنریگێ لوسادە ئاشنا دەبێت بە کارەکانی مارکس و ئەنجلس و مەکسیم گۆرکی و نیکۆلای بوخارین و لینین. لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا یەکەمین هەڵسوڕانی دەربارەی شکڵگرتن و ڕێکخستنی یەکەمین نەقابەی کرێکارانی نەوت بوو لە مەرەکایبۆ هەروەها لە ساڵی ١٩٢٨ ئۆلگا پەیوست دەبێت بە جەنگ لەپێناو مافەکانی ژنان و نارەزایی دەربڕین دژ بە مامەڵەی ناتەندروست و هەڵاواردن لە شوێنی کاردا.

ئۆلگا لوزاردۆ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی ژنان بوو کە ڕێکخراوێکی ژنان بوو دژ بە دیکتاتۆرییەتی یوان ڤیسێنت گۆمێز نارەزاییان دەربڕی و خەباتیان دەکرد. ساڵی ١٩٣١ شانبەشان هەریەك لە گابریل براچۆ و ئیسپارتاکۆ گۆنزەلێز و ئسیدرۆ ڤالێس و کەسانی دی یەکەمین شانەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ڤێنزوێلالایان لە هەرێم یان ویلایەتی زولیا دامەزراند. دوای مردنی گۆمێز لە ساڵی ١٩٣٥، ئۆلگا لوزاردۆ کەوتە کارکردن بۆ ڕێکخستنی گروپی سیاسی لەنێو کرێکارانی نەوتدا. لوزاردۆ لەگەڵ هەریەك لە ساڵی ١٩٣٦ بەشداری یەکەمین کۆنفرانسی فیمینیستی دەکات لە کارەکاس. ساڵی دواتر ئۆلگا دەبێت بە ڕێکخەری سەرەکی یەکەمین و مەزنترین مانگرتنی کرێکارانی نەوت لەمێژووی ڤێنزویللا. لە ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی حیزبی کۆمۆنیست دروست دەکات، کە کاریان دەکرد بۆ هاوپشتی نێونەتەوەیی و یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مافە کلتوورییەکانی ژنان. ئۆلگا زۆر بە قووڵی ڕۆچووبۆوە نێو حیزبی کۆمۆنیست و کۆمیتە ناوەندییەکەی و مادە حیزبییەکانی لەسەرتاسەری ڤێنزویللا بڵاو دەکردەوە. هەروەها ئۆلگا دامەزرێنەری فیدراسیۆنی دیموکراتی نێونەتەوەیی ژنان بوو کەلە دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو وەك یەکەمین نوێنەری ڤێنزویللا لەو ڕێکخراوە سەردانی هەریەك لە وڵاتانی یەکێتیی سۆڤییەت و شیللی و کوبا و هەنگاریا و پۆڵەندا و چیکسلۆفاکیا و چەندین وڵاتی تری کرد. لەساڵی ١٩٤٤ بڕوانامەی لە ڕشتەی ئابووری لە ناوەندی زانکۆی ڤێنزویللا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٤٥ یەکێك لەو جەنگەی ئۆلگا کە بەرهەمدار بوو ئەوەبوو ژنانی ڤێنزویللا توانیان یانزە هەزار ئیمزایان کۆکردەوە بۆ چەسپاندنی مافی دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردن و جێگیرکردنی ئەو مافە لە دەستووری ڤێنزویللا. لەماوەی حوکمی دیکتاتۆری مارکۆس پریس یمیناز، ئۆڵگا لوزاردۆ دامەزرێنەر و هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی ژنانی ڤێنزویللا و یەکێك بوو لە ئەندامە بەرگریکار و خەباتکارە بەرجەستەکانی و کە لەژێر ناوی نهێنی (جۆرج) هەڵدەسوڕا. لەدەیەی پەنجاکان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێتە ئامانج و گوللەیەك لە لاقی دەدرێت و دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. پاش تەواوکردنی ماوەی زیندانی لە زیندانی سان کارلۆس لە ویلایەتی کۆیەدیس، ئینجا دوور دەخرێتەوە بۆ وڵاتی مەکسیکۆ و پاشان بۆ یەکێتیی سۆڤییەت. ساڵی ١٩٥٨ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی دیکاتۆر مارکۆس، ئۆلگا جارێکی تر دەگەڕێتەوە کاراکاس. هەر پاش گەڕانەوەی بۆ ڤێنزویللا، ئۆلگا پەیوەست دەبێت بە سەنگەری بەرگریکارانەوە و ئەمجارە دژ بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ڕاوڵ لیونی و ئەویش لەڕێگەی هێزە چەکدارەکانی ڕزگاری نیشتمانی گروپی گەریللا.

چالاکییە بەراییەکانی ئۆلگا بەسترابۆوە بەچالاکی ئەدەبییەکانی، ئۆلگا وەکو ژنێکی جەوان لەگەڵ شاعیرەکانی وەك ئیلی سۆل ڕۆدریگۆز و ڕۆزا ڤیرجینیا مارتینز و هەروەها لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار ئەنتۆنیۆ ئەنگۆلۆ بۆ پێکهێنانی کۆڕی ئەدەبی لە ماراکاییبۆ لە پەیوەندیدا بووە. ئۆلگا وەکو ڕۆژنامەنووسیش یەکەمین کاری ڕۆژنامەوانی خۆی لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی پانۆرامای ماراکابیۆ بڵاو دەکاتەوە. ئۆلگا لەگەڵ ئانا لویزا لوفیرا لە ڕۆژنامەی ئلتیمەت نۆتیزیاس کار دەکات و لەگەڵ ماریا ترێسا کاستیللۆ دەبێتە یەکەمین ژنە پەیامنێری ڤێنزویللی. هەروەها بۆ ڕۆژنامەی ئاهۆرای دەنووسی و کۆمەکیشی کرد بە دامەزراندنی تریبۆن پۆپیلەر ئۆرگانی بڵاوکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیست کە جاروبار لەژێر ناوی نهێنی (پێترۆڤنا) دەینووسی.

ئۆلگا لوزاردۆ شیعری دەنووسی و ساڵی ١٩٤٢ یەکەمین کۆشیعر بڵاو دەکاتەوە کە کۆکراوەی شیعرەکانی ئۆڵگان لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥ تا ١٩٤٢ نووسیونی کە هەڵگری ڕەگەزەکانی سیاسەت و ڕۆمانسی و ئیرۆتیکین. دووەم کۆشیعری بەناوی پاشماوەی هەنگاوە تازەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٢ نووسیونی و ساڵی ١٩٩٣ هاتە بڵاوکردنەوە.

ئۆلگا لوزاردۆ لە تەمەنی ١٠٠ ساڵی و لە ١٩ ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٦ ژیانئاوایی لە خەبات و نووسین دەکات و سەربەرزانە کۆچە ئەبەدییەکەی خۆی دەکات. دوای مردنی لەلایەن سەرۆکی ڤێنزویللا نیکۆلاس مادۆرۆ و کەسایەتییە ناودارەکان ڕێزی لێدەگیرێت. سەرۆکی ڤێنزویللا لە ئەژماری خۆی لە تویتەر نووسی:(ئۆلگا لوزاردۆ پاڵەوانی چینی کرێکار ، نموونەی ژنی پابەند بە سۆشیالیزم و دایکی نیشتمان) . هەروەها ئەندامی کۆنگرێس و جێگری سەرۆکی پێشووتر ئەلیاس جاوا دەنووسێت: (کێ لەپێناو خەڵکا بژێت، نامرێت، ئەویش لوزاردۆیە کە وەك بیرێکی زیندوو لە هۆشیاری کرێکاراندا دەمێنێتەوە.) هەروەها ڕۆژنامەنووس و وەزیری گەیاندنی پێشوو ئەرنەستۆ فیلیجاس دەنووسێت : (ئۆلگا لوزاردۆ لە تەمەنی ١٠٠ ساڵی بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە ژیان و تێکۆشانی بێهەداداان کرد.)

ئەم بابەتە لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگێردراوە و ئامادەکراوە:

https://venezuelanalysis.com/news/12634
https://en.wikipedia.org/wiki/Olga_Luzardo
https://www.telesurenglish.net/news/Venezuelan_Communist_Ex_Guerrilla_and_Poet_Dies_at_1000033_20160921_.html
https://everipedia.org/wiki/lang_en/olga_margarita_luzardo_finol

حوسێن عەلیزادە .. هونەرمەندە ئازەرییەکەی ئێران

چۆن باس لەمۆسیقای کوردی و هونەرمەندانی کورد دەکات؟

ئومێد نەجم

یەکێکە لە بەناوبانگترین میوزیسیانەکانی ئێران و لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، لە باشووری کوردستانیش بە پارچە میوزیکی نەینەوا دەناسرێت، کە ئەو میوزیکە زۆر جێگەی خۆی لەنێو خەڵکدا کردووەتەوە بەهۆی ئەو مەینەتیانەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە.
حوسێن عەلیزادە کە هەتا ئێستا سێ خەڵاتی «گرامی» کە هاوسەنگە بە خەڵاتی ئۆسکار لەبواری بەرهەمهێنان و دروستکردنی موزیك وەرگرتووە. میوزیکی بۆ سێ فیلمی کوردیی بەهمەنی قوبادی داناوە. بۆ ئەوەی ئاوازێکی یەك دەقیقەیی دابنێت، ٢٠٠ سەعات گوێی لە مۆسیقای کوردی گرت، لەرێی دانانی موزیکەوە خۆی خزاندۆتەوە ناو یادەوەری بینەری کوردەوە. فەتانە وەلیدی بە « قمرالملوکی کوردستان» ناوزەد کردووە. کە قەمەر ملوك بەناوبانگترین ژنە گۆرانیبێژی ئێرانە.
ئەو هونەرمەندە ئێرانیە دەڵێت: «هەمیشە خەم لەوە دەخۆم کە ئەو گەلانەی کە مەودای نێوانیان ئەوەندە نزیکە بۆ دڵیان ئەوەندە لێکدوورە، ئەو موزیکژەنە دیارەی ئێران پێشیوایە « خەڵك دڵیان لەیەك دوور نییە، ئەوە سنوورە سیاسییەکانە ئەو دوورخستنەوەیەی دروستکردووە».

حوسێن عەلی زادە کێیە و چۆن دەڕوانێتە موزیکی کوردی؟
حوسێن عەلیزادە لەساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکێکی تارانی پایتەختی ئێران لەدایکبوە، ئاوازدانەر، لێکۆڵەر، ژەنیاری سازی تار و سێتار، بە رەچەڵەك لەدایکبوی خێزانێکی ئازەرییە، باوکی خەڵکی شاری ورمێ و دایکی خەڵکی شاری ئەراك بوو، دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانە، وەك مۆسیقاژەنێك کاری لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندە ناودارەکانی ئێران کردووە. یەکێکە لە ناسراوترین میوزیکژەنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و تائێستا سێ جار کاندید بووە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی گرامی، جگە لە ئێران چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتی لەوڵاتانی جیهان ساز کردووە، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لەگەڵ هونەرمەند شەجەریان هاتنە کوردستان و لەشاری سلێمانی کۆنسێرتێکی ئەنجامدا. حوسێن عەلیزادە کاری هاوبەشی مۆسیقایی لەگەڵ چەندین هونەرمەندی کورد کردوە، لەوانە شەهرامی نازری و کەیهان کەلهور و کامکاران.

«عاشقی میوزیکی کوردی و گەلی کوردم»
حوسێن عەلیزادە کە لەئێراندا بە مامۆستای سازی تار و بە نوێکەرەوەی قوتابخانەی تار دادەنرێ، هاوشانی محەمەد رەزا لوتفی تاژەنی

بەناوبانگی مۆسیقای سونەتی ئێرانی، وەها لەسەر موزیکی کوردی دەدوێ : «میوزیکی کوردی زەریایەکە کە ئەگەر بڵێم بەباشی دەیناسم ئەوە زێدەڕۆییم کردووە، بەڵام من لەو کەسانەم عاشقی میوزیکی کوردی و گەلی کوردم. دۆست و هاوڕێی کوردم زۆرن لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران، هەر لەسەرەتای لاوێتیمەوە لەگەڵ فەرهەنگی کورد ئاشنابووم، مۆسیقای کوردی ئەوەندە پڕبارە، زۆربەی نەوەکانی ئەم سەردەمە تێناگەن کە چ سامانێکی گەورەیان هەیە. ئەو میوزیکەی کە ئاشنام لەگەڵیدا و رۆژ بە رۆژیش زیاتر هەوڵدەدەم بیناسم و میوزیکناسە جیهانییەکانیش لەگەڵیدا ئاشنا دەبن، زەریایەکە کە کۆتایی نایەت.

حیکایەتی ئاشنابونی بە مۆسیقای کوردی و ناسینی هونەرمەندانی کورد
لە ناوە دیارەکانی مۆسیقای کوردی کە بەلایەوە پەسەند و دەنگیانی پێ خۆشە، ئەو هونەرمەندە ناوی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دەهێنێ. «کاتێ من زۆر تەمەن بچووك و هێشتا منداڵ بووم بە ناوی حەسەن زیرەك و یەك دوو کەسی تر کە ئێستا لەیادم نەماوە ئاشنا بووم و هەندێك گوێم لێیان دەگرت.
زەمانی منداڵی، لە ورمێ بوو، ساڵەهای ساڵە لەشارێکی وەکو ورمێ دا کورد و ئازەری بەیەکەوە ژیاندەکەن و لەڕووی فەرهەنگی و کلتوورییەوە لەیەکەوە نزیکن ، ئەو لەماڵێکدا گەورەبوو گوێی لەموزیکی کوردی و فارسی ئازەری دەگرت. باوکی عاشقی دەنگ و سەدای حەسەن زیرەك بوو، جگە لەوەش سەفەریان بۆ شارە کوردنشینەکانی وەك مەهاباد و دەوروبەر دەکرد. لەو کاتەوە مۆسیقای کوردی ناسی و ئاشنا بو بە ئاواز و میلۆدی کوردی. بەڵام یەکەمین هۆکاری ئاشنایی ئەو بە مۆسیقای کوردی بە شێوەیەکی جدی گروپی کامکاران بوو.
عەلیزادە میوزیکژەن و ئاوازدانەری بەناوبانگی ئێران دەڵێ: «ئوستاد حەسەن کامکار بە ناونیشانی مامۆستایەکی گەورەی مۆسیقای کوردی دەناسم. بە هەمان شێوە کوڕەکانی کە لە گروپی (شەیدا) و (عارف) چالاك بوون، لەو کەسانە بوون کە دۆستی ئێمە بوون. دێتەوە یادم پێش شۆڕشی ئیسلامی (ئینقلاب) بە کارەکانی ئوستاد کامکار ئاشنا بووم، چون گروپی شەیدا پێشتر لە رادیۆ چالاکی و بەرهەمیان هەبوو. لەوانەیە خانەوادەی کامکار وێنەکانی



ئەو رۆژگارەیان لە ئەرشیفیدا مابێت، لەوکاتە لەنزیکەوە بە مۆسیقای کوردی ئاشنا بووم، رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری بیژەن کامکارم بەباشی لەیاد ماوە، کاتێ تەواوی ماوەی ئاهەنگەکە گۆرانی مۆسیقای شادی کوردی بوو.

« ڕیشەی مەقامی کوردی زۆر لە مەقام و دەستگای ئێرانی کۆنترە»
«کاتێك هۆرەی ناوچەی کرماشان دەبیستم، دەچمە قووڵایی مێژووەوە»
«چەند جوانە دایکانی کورد میلۆدییان بۆ لایە لایە دروستکردووە»

بە وتەی حوسێن عەلیزادە «مۆسیقای ئێرانی سوودێکی زۆری لە مۆسیقای کوردی وەرگرتووە». ئەو هونەرمەندە پێیوایە «ڕیشەی مەقامی کوردی زۆر لە مەقام و دەستگای ئێرانی کۆنترە».
سەرسامی خۆی دەردەبرێت بە موزیکی کوردی و دەڵێ: «مۆسیقای کوردستان تەنیا ئەو میوزیکە بەزمی و ریتمیکە نییە کە قووڵایی میوزیکەکەی تێدا نەبینرێت، دەتوانی میوزیکی حەماسی و کۆن لە مۆسیقای کوردیدا ببینیتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، کاتێك هۆرەی ناوچەی کرماشان دەبیستم، دەچمە قووڵایی مێژووەوە، ئەوەندە کاریگەری لەسەر من هەبووە، تەنانەت کاتێکیش میوزیك بۆ ئەو فیلمانەی کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە دروستدەکەم، ئیلهام لە میوزیکی کوردی وەردەگرم. کاتێك بەدوای لایە لایە دەڕۆم کە لەکارێکمدا بوو، دیسان گەیشتمە زەریایەك کە چەند جوان دایکانی کورد بەشێوازی جۆراوجۆر میلۆدییان بۆ لایە لایە دروستکردووە. کاتێك دەچوومە ئاهەنگ و جەژنەکانی کورد ، دیسان دەمبینی چەندە میوزیکێکی پڕباریان هەیە. میوزیکی ئاینیی کورد هەروا ، من بەپێی پێویستی خۆم کە لەگەڵ هونەرمەندانی کورد ئاشنا بووم، وردە وردە هەستم بە نزیکی لەگەڵ ئەو میوزیکە کرد ، دواتر لەبەر ئەو پرسانەی کارم تێدا کردوون، زیاتر ناچاربووم بچمە قووڵایی میوزیکی کوردی.

«مۆسیقای کوردی ئیلهامبەخشی کارەکانم بووە»
حوسێن عەلیزادە دەڵێ : «زۆرکات هەبوو لە پارچە میوزیکەکانی خۆمدا لە میلۆدی کوردی کەڵکم وەرگرتووە بۆ نموونە ٣٤ ساڵ پێش ئێستا لە ئەلبوومی تۆرکەمەن لە بەشێکیدا لە گۆرانی ئەسمەر ئەسمەری کوردی کەڵکم وەرگرتووە». لە میوزیکی فیلمەکاندا زۆرتریش پێم خۆش بووە کەڵك لە دەنگی ژن وەرگرم وەکو بەشداری خانم هەدیە تارانی لەفیلمی نیوە مانگدا ، هەروەها ١٨ ساڵ پێش ئێستا لە زنجیرە کۆنسێرتێکدا لە دەرەوەی وڵات و لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا سێ فەرهەنگی مازەندەران و کوردستان و قەشقایی پێکەوە گرێدا ، بەو کارانەی کردویەتی هەوڵیداوە وەك میوزیکدانەرێکی ئێرانی بناسرێ نەك فارس. پێشیوایە مۆسیقای کوردی وەك دەریا وایە، نەوەی نوێ قەدری ئەم سامانە مۆسیقا دەوڵەمەندە نازانن. دان بەوەدا دەنێ میوزیکی کوردی دەرگایەکی بۆ کردەوە کە فەرهەنگەکانی دیکەش بناسێ.

هونەرمەندێکی کورد فێری ژەنینی تەمبوری کرد
حوسێن عەلیزادە پێش میوزیکی فیلمەکان، پێشتر کاری لەگەڵ شەهرام نازری و کەیهان کەلهور کردووە، هەروەها دۆستایەتی نزیکیشی لەگەڵ کامکارەکان هەبووە، ئەگەرچی بەشێوەی تایبەتی کاریان پێکەوە نەکردووە، بەڵام زۆر بەیەکەوە ژیاون لە گروپی مۆسیقای(چاوۆش) کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئەو گرووپە کورد بوون. یەکەم جاریش کە بە سازی تەمبور ئاشنا بوو و فێری ژەنینی ئەو ئامێرە مۆسیقایە بوو

بەهۆی هونەرمەندی دیاری كورد لەئێران عەلی ئەكبەر موڕادی یەوە بوە، كە دواتر لە بەرهەمەكانیدا سودی لەم سازە ڕەسەنە كوردییە وەرگرتوە.

مۆسیقای بۆ فیلمی كوردی دانا

حسین عەلیزادە جگە لەوەی موزیكژەنە و ئاوازدانەریشە، بەتایبەت كاری بۆ دانانی موزیكی فیلم كردووە، لە موزیكی فیلمیشدا دەستێكی باڵای هەیە،مۆسیقای بۆ چەندین فیلمی ئێرانی داناوە، چوارجار خەڵاتی باشترین موزیكی فیلمی لەئێراندا وەرگرتوە، بەڵام لەناو هەموو كارەكانیدا مۆسیقای فیلمی «نیوە مانگ»ی بەلاوە جوانە. كە مۆسیقای بۆ فیلمەكانی سینەماكاری جیهانی بەهمەنی قوبادی داناوە. لەڕێی دانانی موزیكەوە بۆ فیلمەكانی (كیسەڵەكان دەفڕن ، ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەكان، نیوە مانگ) خۆی خزاندۆتەوە ناو یادەوەری بینەری كوردەوە.

بۆ ئەوەی ئاوازێكی یەك دەقیقەی دابنێت، ٢٠٠ سەعات مۆسیقای كوردی گوێ لێگرت

كاتێك بەهمەن قوبادی بۆ میوزیكی فیلمێك قسە لەگەڵ عەلیزادە دەكات و پێشنیازی میوزیكی یەكەمین فیلمی خۆی بۆ دەكات، ئەو هونەرمەندە لێی دەپرسی دڵنیای ئەو پێشنیازە بەمن دەكەی؟ چونكە من كورد نیم.

ئەو هونەرمەندە لەوبارەیەوە دەڵێ: «كاتێ پێشنیاری دانانی مۆسیقایان بۆ فیلمی كوردی خستە بەردەمم، ڕاستییەكەی لەسەرەتاوە كەمێك ترس دایگرتم، كە من نابێ پا بكەمە ناو حەوزێكەوە كە مەلە نازانم، چون زۆر تێكەڵی فەرهەنگی كوردی نەبوومە، ئەڵبەتە تاڕادەیەك ئاگام لێیەتی بەڵام دوورم».

ئەگەرچی بوێری و پشتبەستنی قوبادی بە من جیهانێكی نوێی بەڕووی مندا كردەوە. دوای ئەوە بوو كە من زیاتر چوومە نێو موسیقای كوردستان و لەبیرمە بۆ بەشێكی زۆر بچووك لە پارچە میوزیكی فیلمەكە زیاتر لە ٢٠٠ سەعات گوێم لە میوزیكی كوردی گرت. كردمە دەستمایەی كارەكەم و ئەو میوزیكەم دروستكرد كە لە فیلمی (كیسەڵەكانیش دەفڕن) گوێتان لێبوە یا ئەو موزیكەی لەفیلمی نیوە مانگدا بەر گوێتان كەوتوە.

ئەو فیلمە كوردییانەی عەلیزادە موزیكی بۆ داناوە:

- ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەكان

ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەكان (بە فارسی: زمانی برای مستی اسبها) یەكەم فیلمی درێژی دەرهێنەری كورد بەهمەن قوبادییە و مۆسیقای فیلمەكە حوسێن عەلیزادە دایناوە. بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٠ە و لە خۆرهەڵاتی كوردستان دروستكراوە. ئەم فیلمە زۆر سەركەوتوو بوو و خەڵاتی زۆری وەرگرت.

- كیسەڵەكانیش دەفڕن

كیسەڵەكانیش دەفڕن فیلمێكە بە زمانی كوردی لە دەرهێنانی دەرهێنەری كورد بەهمەن قوبادی. كاری مۆسیقای لە لایەن حوسێن عەلیزادە بۆ كراوە و لە ناو ١٠٠ فیلمی تردا بۆ ئۆسكاری ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژێردرا. ماوەی فیلمەكە ٩٥ خولەكە و یەكەم فیلمی سینەمایی عێراقە لە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی سەدام حوسێن.

- نیوەمانگ

نیوەمانگ فیلمێكی درێژی دەرهێنەری كورد بەهمەن قوبادییە و سێیەمین فیلمی كوردییە كە حوسێن عەلیزادە مۆسیقای بۆ داناوە، فیلمەكە لە ئێران و عێراق و نەمسا دروستكراوە و بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٦ە.

موزیكی بۆ كیمیابارانی هەڵەبجە دانا

تەنانەت دەرهێنەری ئێرانی بەڕەگەز كورد ئیبراهیم سەعیدی كە لەسەر دۆكیۆمێنتارییەك لەبارەی تاوانەكانی سەدامەوە لەبەرامبەر كورد لەكیمیابارانی هەڵەبجە كاری دەكرد، كاتێك دۆكیۆمێنتارییەكە تەواو كرا، پەیوەندی بە حوسێن عەلیزادەوە كرد بۆ ئەوەی بۆ میوزیكی كۆتایی دۆكیۆمێنتارییەكە پارچە میوزیكێكی كوردی دابنێت، ئەویش بیر لەوە دەكردەوە كە چ پارچە میوزیكێكی كوردی دابنێ و دەیویست شتێك بێت كە پێشتر نەكرابێت و نەبیسترابێت، وەك خۆی لە چاوپێكەوتنێكدا دەڵێ «ئەوكاتە ڕێگەم بەخۆمدا كاتێك شیعری كوردییان بەمن دا، من لەسەر پارچە میوزیكێك دایبنێم. ئەوكاتە بوو زانیم كە ئەگەر بە ئیمان و باوەڕ و هەستەوە سەیری فەرهەنگێكی دیكە بكەی، ئەو فەرهەنگە دەڕژێتە ناو تۆ، بۆیە ئەو پارچە میوزیكەم بۆ ئەو دۆكیۆمێنتارییە دروستكرد و ئێستاش هەركەس دەیبیستێ، بڕواناكات كاری كەسێكە كە كورد نییە».

لەكوردستان بە ئەلبومی نەی نەوا ناسراوە لە كارە بەنێوبانگەكانی عەلیزادە، ئەلبوومی نەی نەوایە كە لە كوردستاندا زیاتر ناسراوە و لە بۆنە و مەراسیمە ماتەمینییەكاندا لێدەدرێت. كە نەی ژەنی ئەم پارچە مۆسیقایە خۆشی كوردە، ئەویش هونەرمەند جەمشید عەندەلیبی یە. ئەوەی لە عەلیزادە كرد لەناو هەموو موزیكژەنەی ئێران ئەو موزیكژەنە كوردە هەڵبێژێرێ توانای عەندەلیبی یە و هەروەها خۆشەویستی زۆری بۆ كاری هونەریەكەو نزیكی لە عەلیزادەوە.

ئەو هونەرمەندە دەڵێت ئارەزووومە لێرەش بۆ هۆگرانی ئەو پارچە میوزیكە كۆنسێرتێك لە باشووری كوردستان پیشكەش بكات.

سەرچاوە:

١- https://www.bartarinha.ir/fa/news/١٣٧٢٨٢/







رووناك دڵپاك :
ئەتوانم بڵێم جیهاد دڵپاك موڵكی هەموو كوردستانە

دیمانە – محەمەد تاهیر

هونەرمەندی بواری دراما، ڕووناك دڵپاك، یەكێكە لەو خانمە ئەكتەرانەی كە بەشداری لەچەندین زنجیرە دراماو شانۆدا كردووەو، توانێویەتی لەگۆڕەپانی هونەردا ئەسپی خۆی تاو بدات و جێدەستی دیاربێت، ڕووناك دڵپاك هاوسەری هونەرمەندی گەورەی كورد كۆچكردوو جیهاد دڵپاكەو لەژیانی هاوسەرێتیاندا یادگاری زۆر هەن، كە تا هەتایە بیری ناچێتەوە، هەروەك پێكەوە بەشداری چەندین كاری هونەرییان كردووەو ڕۆڵیان بینیوە، خێزانێكی هونەرمەندو ڕۆشنبیرن و هەموو خەمێكیان سەركەوتنی گەلی كوردو پێشكەوتنی هونەرەكەیانە، لەو سۆنگەیەوە گۆڤاری تیڤی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازكرد.

*** زیاتر خۆت لەبواری شانۆ یان دراما، یان سینەما دەبینیتەوە؟**

- نواندن لەهەر سێ بوارەكەدا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، چونكە نواندن لەپێش كامێرا جیاوازی هەیە وەك لەنواندن لەسەر تەختەی شانۆ، من وەكو خۆم زیاتر خۆم لەبواری دراماو شانۆدا دەبینمەوە.

*** پێتوایە درامای كوردی توانیوێتی هەنگاوی باش بنێت؟**

- وەكو خۆم دەستی هەموو هاوكاران و هاوپیشەكانم ئەگوشم كە لەبوارەكەدا كار دەكەن، بەڕاستی كەم تا زۆر لێكچوون هەیە لەنێوان دراماكاندا لەڕووی دەقەوە، من پێم باشە زیاتر دەقی خۆماڵی پەرەی پێبدرێت.

*** جگە لەكاری هونەری خولیای چ بوارێكی تر دەكەیت؟**

- جگە لەكاری هونەری پیشەم مامۆستاییە، بەخۆشحاڵییەوە خولیای تایبەتم هەیە بۆ پیشەكەم و خزمەتی كۆمەڵگاو خوێندكاران ئەكەم

*** بەو پێیەی ئازیزترین كەست كەركوكییە، چیت هەیە بۆ زێدی ئازیزەكەت؟**

- چاوی هەموو كەركوكییەكان ماچ ئەكەم، هونەرمەندانی كەركوك هەمیشەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان ناوی دڵپاك بەزیندوویی بهێڵنەوەو بەرزی بنرخێنن

***بەهۆی هونەرمەندی ۆچكردوو جیهاد دڵپاك هونەری نواندنت هەڵبژارد، یاخود خولیای خۆت بوو؟**

- بەدڵنییاوە دڵپاك هۆكاری سەرەكیم بوو بۆ هاتنم بۆ نێو دنیای هونەر، لەهەمانكاتیشدا خۆشم خولیای هونەرم هەبوو

***تا چەند خانمان توانیویانە لەبوارە جیاجیاكان جێی دەستیان دیاربێت؟**

- بەڕادەیەكی زۆر شێرەخانمانی ولاتەكەم لەهەموو بوارە جیاجیاكاندا توانیویانە جێی دەستیان دیاربێت و تواناو بەهرەكانیان لەكارەكانیاندا ببیننەوە.

*** تا چەند لایەنی پەیوەندیدار گرنگی بەبواری هونەری داوە؟**

- بەشێوەیەكی زۆر كەم هاوكاری هونەرمەندن، لەكاتێكدا هونەر پێویستی بەخزمەت و هاوكاری تایبەت بەخۆی هەیە.

*** دەوترێت جیاوازی لەنێوان هونەرمەندان دەكرێت، لەڕووی كارو پاداشت و ڕۆڵ بینین، كۆمێنتان چییە؟**

- كەوتوەتەسەر بیرۆكەو بۆچۆنی ئەو دەرهێنەرە كە كارەكەی خۆی ئەكات، هەڵبەتە پاداشتیش بەپێی ڕۆڵ بینین ئەگۆڕێت.

*** هەستت چییە كاتێك دەبینیت خوێندنگەیەك یان هەر دەزگاو فەرمانگەیەك بەناوی هونەرمەند جیهاد دڵپاكەوەیە؟**

- گوومانی تێدا نییە ئەو هەستە گەورەیە نە ئەتوانم وەسفی بكەم، نە ئەتوانم دەری ببڕم، بەڵام هەركاتێك ئەبینم هونەرمەندان و بینەرە تایبەتەكانی دڵپاك ناوی دڵپاك و مێژووی دڵپاك بەزیندوویی ئەهێڵنەوە، ستایشی كارو دڵسۆزی و خەمخۆریی هونەرەكەی ئەكەن، هەر یەكەیان لەڕێگەی كردنەوەی خوێندنگەیەك كە لەچەند ساڵی ڕابردوو لەكەركوكی قودسی كوردستان كرایەوە، هەروەها ناونانی شەقامێك بەناوی ڕەحمەتی لەسلێمانی، هەروەها دروستكردنی پەیكەرێك بۆ دڵپاكی مەزن، هەر یەكێك لەمانە هەستێكی تایبەتی بەخۆی هەیە كە ناتوانم لەچەند دێڕێك كۆی بكەمەوە، تەنها ئەوەندە ئەتوانم بڵێم دڵپاك بەتەنها موڵكی من و مناڵەكانم نییە، بەڵكو موڵكی هەموو كوردستانە، هەزاران سڵاو لەڕووحی پاكی.

*** هیچ كارێكی نوێی هونەریت هەیە؟**

- لەئێستادا نەخێر لەهیچ كارێدا بەشدارنیم.

قاموسی رەنجوری کەوتە بەردیدی خوێنەران

ئا: سیروان بەرزنجی

مێژوو پێمان دەڵێ شاری کەرکوك کە پایەختی شارەزوور بووە، بە سەدان زاناو شاعیر و شێخی تەریقەت و کەسایەتی و نووسەری بە توانای تیا هەڵکەوتووە، کە بەڕاستی پێشەنگ و دەسپێشخەر بوونە لە تۆمارکردنی مێژووی زانایانی کورد لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمەش بەیەکەمەکان ئەژمار دەکرێن لە شاری کەرکوك.

بڕوانە دوو سەدو چڵ ساڵ لەمەوبەر و لە ساڵی (١٧٨٣ز)، مرۆڤێکی کەم وێنەو گەورە لە زانست و زانیاری و خاوەن مەعریفە لە کەرکوك سەری هەڵدا، ئەویش (رەنجوری شاعیر)ە. کە یەکەم کەسە قاموسی داناوە لە شاری کەرکوك.

ناوی تەواوی: مەلا عومەر کوڕی خالید بەگ کوڕی مەلا عومەر بەگی شاڵی بەگە، ناوبراو لەساڵی (١٧٥٠ز) چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا واتە: لە ساڵی (١٧٨٣ز) هاتووەتە شاری کەرکوك و لە گەڕەگی زێویَ نیشتەجێ بووە، پاشان لە هەمان گەڕەگ بەئیمام و خەتیب و مودەڕیس لە مزگەوت دامەزراوە، کە لەو سەردەمە بە مزگەوتی رەنجوری بە ناوبانگ بووە، نازناوی (رەنجوری) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، دوای وەفاتی رەنجوری شاعیر ئیدی مزگەوتەکە بەرەو داڕووخان ڕۆیشتووە، لە ساڵی (١٩٥٨ز) بۆ جارێکیتر لە لایەن مەلا جەبار ساڵەیی نوێژەن کرایەوە و بە مزگەوتی مەلا جەبار ناسراو بۆ خۆیشی ئیمامی مزگەوتەکە بوو، لە ساڵی (١٩٩٥ز) بۆ جاری دووەم سەر لە نوێ مزگەوتەکە بە شێوەیەکی نوێ لەلایەن حاجی غازی و خێرخوازان بنیادنرایەوە و ناونرا مزگەوتی (ڕەحمان) مامۆستا مەلا سیروان ئەحمەد قادر ئیمام و خەتیب و مودەڕیسی بوو.

ئەوەی شایانی باسە لەم دواییە (قاموسی رەنجوری) کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کە لەساڵی (١٨١٣ز) بە خەتی مەلا عومەر رەنجوری نوسراوەتەوە کە دەکاتە دوو سەدو هەشت ساڵ لەمەوبەر، ئەم دەستنوسە گرنگی خۆی هەیە لە دێر زەمانەوە لە نامەخانەی مزگەوت و تەکیەی شێخ محێدینی کەرکوك پارێزراوە.

پاشان دەگوازرێتەوە بۆ مزگەوت و تەکیەی شۆرجە لە ناوچەی قەرەحەسەن، لەوێ بەشێوەیەکی ئارام پارێزراو دەبێت، بەڵام لەساڵی (١٩٨٧ز) کاتێ دێهاتەکانی کەرکوك و کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشی ڕوخێندرا، ئەوە بوو مامۆستا شێخ عەبدولجەبار شۆرجە کە ئەوکات تەمەنی (٢٠) ساڵ دەبێ و لە خەمی ئەوەدا بووە ئەم دەستنوسەو دەستنوسەکانی خانەدانی خۆیان لە ترسی فەوتان و لە ناوچوونیان ڕزگاریان دەکاو لە گوندی شۆرجەی قەرەحەسەنەوە هێناویەتی بۆ سەنتەری شاری کەرکوك و لە ماڵی هاوڕێیەکی خۆی بە ڕەگەز عەرەب بە ناوی (یونس حسن الشیال الحدیدی) دایناوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ پارێزراو بووە، پاش دوو ساڵ کاك شێخ عەبدولجەبار دەستنوسەکانی هێناوەتەوە بۆلای خۆی و لە پای ئەو هەڵوێستە جوانە سوپاسی هاوڕێکەی کردبوو.

مامۆستا عەبدولجەبار شۆرجە بەوە ناسراوە مرۆڤێکی دڵسۆزو خەمخۆر و پارێزەری دەستنوس و بەڵگەنامەکانی خانەدانی شۆرجە و بنەماڵەی شێخ محێدینی کەرکوکە، ساڵانێکی زۆرە خەریکی کۆکردنەوەو بە ئەرشیف کردنی بەرهەمەکانی باب و باپیرانێتی، لەو بوارەدا دەستێ باڵای هەبووە لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کەرکوك لە ڕێگەی دەسختەتەکانیانەوە.

لە بارەی زیندووکردنەوەی دەستنوسەکانی بنەماڵەکەیان درێغی نەکردووەو بەشێکی باشی لێ چاپکردووە لەژێر ناوی (سلسلة احیاء تراث علماء کرکوك عن طریق مخطوطاتهم) لەوانە:» کتێبی (برء الآلام) کە دوو سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر بە خەتی شێخ محێدینی کەرکوك نووسراوەتەوە و لەساڵی (٢٠١٢ز) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کتێبی (سیرە مشایخ الشورجە) لەساڵی (٢٠١٤ز) بڵاوکراوەتەوە، کتێبی (نامەی تەجوید بۆ کورد زوبان) کە (٩٠) ساڵ لەمەوبەر بەخەتی شێخ محەمەد بەرزنجی (عاشقی) نووسراوەتەوەو لەساڵی (٢٠٢١ز) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، (قاموسی رەنجوری) کە دوو سەدو هەشت ساڵ لەمەوبەر بە خەتی خۆی نووسراوەتەوە و لە ساڵی (٢٠٢١ز) چاپ و بڵاوکراوەتەوە».

ناوەڕۆکی دەستنووسی قاموسی رەنجوری بریتیە لەدوو زوبان: (عەرەبی و فارسی) پێکهاتووە، ژمارەی پەڕەکانی (١٢٢) لاپەڕەیە، جا مامۆستا شێخ عەبدولجەبار سەرەڕای پیاچوونەوەو ڕێکخستنی قاموسەکە بەشی کوردیشی بۆ زیاد کردووە، کە دەتوانم بڵێم بەرهەمێکی گرنگی زیندووکردوەتەوە و خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ ئەوساو ئێستاو ئایندا، کە ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ دەتوانن سوود بەخش بن لێی، سەرەڕای دەیان نووسین و بابەتی جۆراوجۆر لەسەر ژیاننامە و شیعرەکانی رەنجوری لەلایەن نووسەران و توێژەرانەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە بڵاوکراونەتەوە، هەروەها بۆ مێژوو باسی دەکەم ماوەی چەند ساڵێکە برای نوسەر و توێژەر حاجی خالید جاف (لالە) بە هاوکاری دائیرەی ئەوقاف و خێرخوازان (خانەی رەنجوری) بنیادنراوە لە گەڕەکی ئیمام قاسم ئومێدی ئەوەی لێ دەکەین خانەی رەنجوری ببێتە ناوەندێکی زانست و ڕۆشنبیری خزمەت بە دانیشتوانی شاری کەرکوك و کوردستان و عێراق بکات، لەگەڵ ئەمانەی ئاماژەم پێ کردن، خۆشبەختانە دوو بەرهەمی جوان و ناوازەی مەلا عومەر رەنجوری شاعیر چاپ و بڵاوکراوەتەوە..

یەکەم: دیوانی رەنجوری لەساڵی (١٩٨٣ز) لەلایەن مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی چاپ و بڵاوکرایەوە، دووەم: قاموسی رەنجوری لەکۆتایی ساڵی (٢٠٢١) لەلایەن شێخ عەبدولجەبار شێخ عەبدولڕەحمان شۆرجە چاپ و بڵاوکرایەوە، مەخابن ساڵی کۆچی دوایی رەنجوری شاعیر بە تەواوەتی نەزانراوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە تا ساڵی (١٨١٣ز) لە ژیاندا بووە کە تەمەنی (٦٣) ساڵ بووەو لە دوای ئەو مێژووە ماڵئاوایی لە ژیان کردووەو لە گۆڕستانی شێخ محێدینی کەرکوك لە نزیك قلغلەر بەخاك سپێردراوە.



مێژووی کارگێڕی گوندی حەفتاچەشمە

ئا: پشتیوان ئەکبەر حەفتاچەشمەیی

حەفتاچەشمە گوندێکە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی شاری کەرکوك بە دووری (٤٠) کم، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربە ناحیەی قەرەحەسەن (لەیلان)ە، ناحییەی لەیلان سەر بە ناوەندی شاری کەرکوکە.

ئەم گوندە مێژوویەکی دێرینی هەیە بە هۆی بوونی چەندین تەپە وگۆڕستانی کۆن کە لە بیرەوەری دانیشتوانی ئێستای ئەم گوندەدا نیە وەك گۆڕستانی زەوی دەروێش وگۆڕستانی ئیمام شەریف وگردی گاور، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی نووسین وپشکنینی شوێنەواری مێژووی گوندەکە دیار نیە.

تیرە وبنەماڵەکانی کە لە ئێستادا بە حەفتاچەشمەیی ناسراون ودانیشتووی ڕەسەنی ئەم گوندەن مێژوویان بە پێ ژمارەی پشتەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، ئەو تیرە وبنەماڵە وخێزانانەی نیشتەجێی ئەم گوندەن ئەمانەن: تیرەی ڕەحمان پەپوو، تیرەی حوسێن ناینە، تیرەی کاکەڕەش، بنەماڵەی ئەحمەد سەلمە، تیرەی سۆفی قادر مەولان، بنەماڵەی سەید شکور، بنەماڵەی شێخساڵح، بنەماڵەی سەید حوسێن محەمەد، خێزانی ئەحمەد ڕەعنە، خێزانی کەریم زەکێ، خێزانی سەید محێدین وخێزانی تر.

شێوازی بەڕێوەبردنی گوندی حەفتاچەشمە جیاواز بووە لەگەڵ شێوازی بەڕێوەبردنی گوندەکانی ناوچەکە، چونکە زۆرینەی گوندەکانی ناوچەکە لە لایەن ئاغایەك یان شێخێك ویان بەگێك ویان کوێخایەك سەرپەرشتی ئەکرا وبەڕێوە دەبرا، بەڵام حەفتاچەشمەییەکان هەر بنەماڵەیەك لە بنەماڵەکانی پیاوماقوڵ وڕیش سپی خۆی هەبووە نوێنەرایەتی دەکرد بەرامبەر بە کاروباری دەرەوەو وناوخۆی گوندەکە. سەرەتا ئەم کەسایەتیانە ناویان هاتووە وەك ڕیش سپی وپیاوماقوڵی گوندەکە: ڕەحمان پەپوو، حوسێن نایـنە، کاکە ڕەش. ئەم کەسایەتیانە ونەوەکانیان ڕۆڵیان هەبووە لە بونیادنان وئاوەدانکردنەوەی گوندی حەفتاچەشمە وچارەسەرکردنی کێشە وگیرگرفتەکانی ڕۆژانەی دانیشتوانی گوندەکە ونوێنەرایەتی گوندەکە بەرامبەر بە دەسەڵاتداران وگوندەکانی دەوروبەری.

پاش ئەم کەسایەتیانە نەوەکانی ئەم کەسایەتیانە وکەسایەتیەکانی دیکەی نیشتەجێی ئەم گوندە ڕۆڵیان هەبووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گوندی حەفتاچەشمە.

ـ تەکیەی جەباری:

پاش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤. ١٩١٨) واتا لە ساڵی (١٩١٩) گوندی تەکیەی جەباری بە شێوەیەکی فەرمی کرایە ناحیە و سەید محەمەد کوڕی سەید عەبدولسەمەد کوڕی سەید عەبدولقادر کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیلی گەورە، کە ناسراوە بە(سەید محەمد جەباری) بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەکە و(٣٢) گوندی ناوچەکە خرایە سەر ئەو ناحیەیە و یەکێك لەو گوندانە حەفتاچەشمە بووە.

تەکیەی جەباری پێش ئەوەی بکرێت بە ناحیە، وەك سەنتەرێك ومەڵبەندێکی ئایینی وزانستی بووە بۆناوچەی هۆزی جەباری، ئەم تەکیەیە ساڵی (١٤٧٠)ی زایینی سەید عەبدولجەبار کوڕی سەید ئەمین جبرائیل دایمەزراند، کە لە ناوچەی تەکیەی قەرەداغەوە لەگەڵ کوڕە گەورەکەی کە ناوی شەرەفەدین بووە، ڕووی کردوەتە سنووری کەرکوك ولە گوندی (سەڵباتوو) نیشتەجێ بووە وتەکیەیەکی لەو گوندە بەناوی تەکیەی سەید عەبدولجەبار دامەزراندووە.

بەدامەزراندنی تەکیەی جەباری ناوی گوندەکە گۆڕاوە بۆ تەکیەی جەباری، دوای چەند ساڵێك سەید عەبدولجەبار ناوچەکەی جێهێشتووە وبە مەبەستی ئیرشادی ئایینی ڕووی کردووەتە وڵاتی شام وشەرەفەدینی کوڕی لە ناوچەکە ماوەتەوە ولە جیاتی باوکی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تەکیەکە وئامۆژگاریکردنی خەڵکی گرتووەتە ئەستۆ بۆ پەیڕەوکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

بەدرێژایی مێژووی دوور و نزیك بنەماڵەی ساداتی جەباری تەکیەکەیان بووەتە مەڵبەندێك بۆ کۆبوونەوەی هەژاران و ڕێبواران و شوێنێك بووە بۆ حەوانەوەی ئەو کەسانە.

حەفتاچەشمەییەکان پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی توند وتۆڵیان هەبووە لەگەڵ تەکیە وگوندەکانی هۆزی جەباری، ئەم پەیوەندیە توندوتۆڵە بوەتە هۆی ناساندنی گوندی حەفتاچەشمە وەك گوندێکی هۆزی جەباری، دواتریش حەفتاچەشمە بەشێوەیەکی رەسمی لە ساڵی (١٩١٩) بووە گوندێك لە گوندەکانی ناحیەی جەباری، پاشان لە ساڵی ١٩٢٢ز چوەتە سەر ناحیەی قادرکەرەم تاکو چلەکانی سەدەی بیستەم کە حەفتاچەشمە وچەند گوندێکی تری ناحیەی قادر کەرەم وەك: حەمك، حەسەن خانە، چیمەن، خرایە سەر ناحیەی قەرەحەسەن.

لە ساڵی ١٩٨٩ ناحیەی قەرەحەسەن هەڵوەشێنرایەوە گوندەکانی سنووری ناحیەکەیش چووە سەر ناحیەی تازە، پاشان دوبارە ناحیەی قەرەحەسەن لە ڕووی کارگێریەوە گەڕایەوە بەڵام ناوەکەی گۆڕا بۆ (ام المعارك)، پاش پرۆسەکانی ئازادی عێراق لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ز دووبارە ناوی ناحیەیەکە گەڕایەوە سەر ناوە ڕەسەنەکەی خۆی قەرەحەسەن.

شێوازی بەڕێوەبردن لەم گوندە گۆڕانکاری بەسەردا نەهات لە ماوەی چارەگەی یەکەمی سەدەی بیستەم (واتا لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ بۆ ١٩٢٥)، ئەو پیاوماقوڵ و ڕیش سپیانەی ناو ورۆڵیان هەبووە لە گوندی حەفتاچەشمە ئەمانە بوون: عەلی کوڕی ساڵح کوڕی ڕەحمان پەپوو، عەزیز کوڕی محەمەد کوڕی ڕەحمان پەپوو، بابا ڕەزا کوڕی قادر کوڕی کاکە ڕەش، محێدین کوڕی قادر کوڕی ڕەحمان پەپوو، محمد شانك کوڕی مارف کوڕی حوسێن ناینە، فەتاح کوڕی خدر کوڕی یەسوع کوڕی کاکە ڕەش، ئەحمەد سەلمە کوڕی سەعدوڵا کوڕی مەلا محەمەد، فەتاح هولان کوڕی ئەحمەد کوڕی ڕەحمان پەپوو، مەلا کەرەم سۆفی قادر مەولان وکەسانی تر.

. سەردەمی موختاری لە گوندی حەفتاچەشمە:

لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم دەسەڵاتدارانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق (١٩٢١ . ١٩٥٨) سیستەمێکی نوێیان پەیڕەو کرد لە بەڕێوەبردنی گوند وگەڕەك وناوچەکان، ناوی (موختار)یان لێ ناوە.

موختار وشەیەکی عەرەبیە لەوشەی (اختیار) ەوە هاتووە کە مەبەست لە کەسێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن کەسانێکی ترەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، واتا موختاری گوند بە هەڵبژاردن یاخود بەدەست نیشانکردن لە لایەن بەڕێوەبەری ناحیەوە دیاری دەکرێت. موختار کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی وکارگێڕی گرنگی بووە لە گوندەکان، کاروباری هەمەچەشنەی گوندەکەی دەبردەڕێوە، پێویست بووە لەسەر موختار ئاگاداری کاروبار گوزەرانی خەڵکی گوندەکە ببێت وبەشداربێت لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان ویارمەتیدانی خەڵکی گوند و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانیان لەلای دەسەڵاتداران وهاوکاری دەسەڵاتدارانی حوکمەت بێ، بەتایبەت سەنتەری ناحیەکە بۆ پێدانی زانیاری وهەموو جموجۆڵییەکی دانیشتوانی گوندەکان وکۆکردنەوەی داهاتی حکومەت لە گوندنشینان، وەگەیاندنی هەموو بڕیار وڕاسپاردەکانی بەڕێوەبەری ناحیەکە وحکومەت بە خەڵکی گوندەکان.

یەکەم موختاری گوندی حەفتاچەشمە لەسەرەتای چلەکان (ئەمین کوڕی ساڵح کوڕی ڕەحمان پەپوو) بووە، کە دوواتر بە (ئەمین موختار) ناوبانگی دەرکرد تاکو ناوەڕاستی پەنجاکان موختار بوو، لەم ماوەیەدا گوندەکە لە ڕووی کارگێڕییەوە چوەتە سەر ناحیەی (قەرەحەسەن)، ئەم ناحیە سەر بە ناوەندی شاری کەرکوك بووە.

پاش ئەمین موختار ئەم کەسایەتیانە کاری موختاریان کردووە:

. ستار کوڕی شەریف کوڕی قادر کوڕی کاکە ڕەش.

. حوسێن کوڕی عارەب کوڕی مارف کوڕی حوسێن ناینە.

. دوا موختاریش حاجی ڕەئوف کوڕی ڕەحیم کوڕی ئەحمەد کوڕی مارف ناینە بووە لەگەڵ حاجی عەلی کوڕی ستار کوڕی شەریف، تاکو ئەم سیستەمە لە بەڕێوەبڕدنی گوندەکان کۆتای پێ هات لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم.

لێرەدا پێم باش بوو ڕوونکردنەوەی بکەم لەسەر ناوهێنانی موختاری گوندی حەفتاچشمە لە

کاتێ باسکردنی ژیاننامە ورۆڵی نەجمەدین شوکر رەئوف تاڵەبانی دەکەن کە ناسراوە بە (مامە ڕیشە ١٩٥٥- ١٩٨٥)، کە نووسەری بەڕێز تێکۆشەر عەبدولا کەریم مەحمود لە کتێبەکەی (پێشمەرگە پۆڵاینەکە) ئاماژەی پێ کردووە، لێرەدا چەند دێرێك لەو نووسینانە دەنووسین وپاشان ڕوونکردنەوە لەسەری دەدەین :-

ساڵی ١٩٧٨ ئیستخباراتی عەسکەری، (کامیل تەیب) یان لەزیندانی ئەبو غرێب بەردا بەهۆی تاوانێکەوە ٢٠ ساڵ حوکم درا بوو، بۆ ئەوەی بگاتە گەرمیان تا (سیروان تاڵەبانی یان سەرکەوت) بکوژێت، کامیل لەگەڵ تالیبی حاجی جەمال بە دوو چەکەوە روودەکەنە گوندی (حەفتاچەشمە)، بۆ بەدەستهێنانی متمانەش دەیانەویست موختاری گوندەکە بکوژن، بەڵام بەڕێکەوت موختار لەوێ نابێت، ئێوارەکەی روودەکەنە گوندی تاڵەبان، لەوێ نەجمەدین وا دەزانێ ئەوانە پێشمەرگەن، بەیانیەکەی لەگەڵیاندا دەکەوێتە رێ روودەکەنە گوندی بنەکە، تالیب پیلانەکەی کامیلی پێ قبوڵ ناکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ چەمچەماڵ، کامیل و نەجمەدین لەگوندی بنەکەی ناو زەنگنە بەحەمەجان و حەمەخان دەگەن هەر چواریان روو دەکەنە گوندی کانی عوبێد، سەرکەوت و خالید گەرمیانی و سامان گەرمیانی و مەحمود سەنگاوی و مام ساڵحی گۆڕی ئەسپ لەوێ دەبن، نهێنی پلانەکەی کامیل-یان لە ئەبوغرێبەوە پێ گەیشبتوو پێشوازیان لێدەکەن، لەکاتی جەولەدا پێشمەرگەکان مەسافە وەردەگرن، نەجمەدین لەنێوان چەند پێشمەرگەیەکدا مەسافە وەردەگرێت و دەڕۆن، لەوکاتە کامیل ویستبوی لە تەك پێشمەرگەکاندا مەسافە وەربگرێت، سامان گەرمیانی و مەحمود سەنگاوی، چەکی دەکەن. هەر لەوێ؛ نەجمەدین و حەمەجان و حەمەخانیش دەگرن، دوای لێکۆڵینەوەیە، لێیان دەدەن، کامیل دان بەپیلانەکەدا دەنێ، حەمەجان و حەمەخان یش نهێنییەکان دەدرکێنن، تەنیا نەجمەدین دەڵی من ئاگام لەو پیلانە نییە، هاتوم ببم بە پێشمەرگە...هتد].

ئەو کەسەی باس کراوە لەم ڕووداوە حاجی (عەلی)ە، کە کەسێك دڵسۆز وڕاستگۆ وبەڕەوشت بووە، بەڵام بەهۆی ڕەفتاری هەندێ موختاری خراپ ناوبانگی موختار لەکەدار بوو، نەك تەنها لە گوندەکان بەڵکو لە نێو گەڕەکەکانی نێو شارەکانیشدا، ئەو ناو زڕاندنەیش ئامانجێکی گڵاوی ڕژێمی بەعس بوو بۆ دروستکردنی دوو بەرەکی وبەکارهێنانی موختارەکان بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی خۆی.

دیارە کاری موختار لە ماوەی هاتنی بەعسیەکان بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی (١٩٦٨) کارێك سەخت ودژوار بووە لە ناوچە کوردنشینەکان، چونکە موختارەکان دەکەوتنە نێوان دوو لایەنی دژ بەیەك دەسەڵاتی بەعس لە لایەك و پێشمەرگە وشۆڕشگێڕانی کورد لە لایەکی تر، ڕژێمی بەعس هەوڵی دەدا لە ژێر فشار وترساندن موختارەکان بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی جموجۆڵی پێشمەرگە وشۆڕشگێڕانی کورد پێبدات، بۆیە هەندێ موختار چوونە ژێر ئەو بارەوە، ئەمە بووە هۆی ناو زڕاندنی موختارەکان لە نێو کورداندا، بەڵام مانای ئەوە نیە هەموو موختارەکان ڕازی بوبن هاوکاری ڕژێمی بەعس بکەن دژ بە خواستی گوند وگەلەکەیان، بە پێچەوانەوە چەندەها موختار هەبوو بە شێوەکی زۆرباش ودڵسۆزانە مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخەکە دەکرد وهاوکاری خەڵکی گوند وشۆڕشگێڕانیان دەکرد وەك پێدانی زانیاری وهاوکاری دارایی وتەندروستی وپەروەردەیی.

(مامە ڕیشە) کەسێکی خۆشەویست بووە لەلای حەفتاچەشمەییەکان، چەندەها جار هاتووەتە گوندەکە وحەفتاچەشمەییەکان ماڵەکانیان بەڕویدا والا کردووە وهاوکار وبەشدار بوونە لە شەڕەکانیدا.

حەفتاچەشمەییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خەبات وشۆڕشەکانی گەلی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوایان لە ئازادی وسەربەستی، هەر لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید وشۆڕشی ئەیلوول وگوڵان وشۆڕشی نوێ و ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان دژ بە داگیرکەران وستەمکاران، ڕۆڵیان هەبووە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق وجەنگی دژی تیرۆرستان وستەمکاران، حەفتاچەشمەییەکان دەیان شەهید وجینۆسایدکراویان هەیە ودەیان تێکۆشەر وپێشمەرگەی قارەمانیان بەخشیوەتە کوردستان.

- پێکهێنانی ئەنجوومەنی گوندەکان:

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم شۆڕشگێڕانی کورد ئەنجومەنی گوندەکانیان وەکو سیستەمێکی بەڕێوەبردنی نوێ بۆ گوندەکان داهێنا لەڕێگای هەڵبژاردنی خەڵکەوە، یەکەم جار ئەو ئەنجومەنە لەگوندی وەرتێ دروست بوو لەسەرەتای (١٩٨٢)، دواتر لە سەرگەڵوو وشەدەڵە ویاخسەمەر وگوند وناوچە ڕزگارکراوەکانی تر کە لە ژێر دەستی شۆڕشی کوردیدا بوو.

ئەم ئەنجوومەنانە لەسەر دەستی شۆڕش دروست بوو بەرامبەر بە موختارەکان، چونکە شۆڕشی کورد وەك پێشتر باسمان کرد بە هۆی ڕەفتاری هەندێ موختاری گوندەکان کە زانیاری جموجۆڵی شۆڕشگێڕانی کوردیان دەگواستەوە بۆ ڕژێمی بەعسی عێراق، ئەو دەنگۆیانە وای کرد ئەو ئەنجومەنانە دابمەزرێ، هەڵبەتە ئەم ئەنجوومەنانە پاڵپشتیەکی بەهێزبوون بۆ شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان، چ لە ڕێگەی دابینکردنی شتومەك وپێداویستی وشوێنی حەوانەوەیان و چ لە ڕێکخستنی گوندنیشنان وناوچەکانیان لە ڕووی پەروەردەیی وهۆشیاریی وچەسپاندنی هەستی کوردایەتی وگیانی شۆڕشگێری وبەرخودان لە نێوانیاندا.

ئەو کەسانەی ئەنجومەنەکەیان لە گوندی حەفتاچەشمە بەڕێوەدەبرد ئەم کەسانە بوون:

. کەریم عەزیز شەریف.

. مەلا ساڵح قادر ئەحمەد .

. مەلا غەفور عەبدولوەهاب ڕەزا.

لەگەڵ ئەنجومەنەکە چەند پێشمەرگەیەك پاڵپشتیانیان دەکرد، کە ئەم کەسانە بوون: یادگار ستار شەریف، عادل حوسێن، فازڵ حاجی عەزیز حوسێن.

ئەم ئەنجومەنە بەردەوام بوو تاکو شاڵاوەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە لایەن ڕژێمی فاشستی بەعسەوە لە ساڵی (١٩٨٨).

پاش شاڵاوی ڕەشی ئەنفال بە تایبەت لە (٢٥. ٩. ١٩٨٩) ناحیەی قەرەحەسەن هەڵوەشێنرایەوە وگوندەکانی خرایە سەر ناحیەی تازە لە نێوانیشیان گوندی حەفتاچەشمە، دواتر بە بڕیاری نهێنی کە لە دیوانی سەرۆکایەتی ڕژێمی عێراق دەرکرا لە (٢٤. ١٢. ١٩٩٨) ناوی ناحیەکە کرا بە (ام المعارك) ودووبارە ناحیەی قەرەحەسەن خرایەوە سەر ناوەندی شاری کەرکوك.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠ئاداری ساڵی ٢٠٠٣ز ناوچەکە گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی، گوندی حەفتاچەشمە دووبارە ئاوەدانکرایەوە پاش (١٥) ساڵ لە چۆڵکردن بەهۆی سیاسەتە دڕندانەکەی ڕژێمی فاشستی عێراقەوە، ئەنجوومەنی گوندەکە دووبارە دەست بەکار بووە (مەلا ساڵح حاجی قادر کوڕی ئەحمەد سەلمە) وەك ئەنجومەن وموختاری گوند دەستنیشانکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری گوندەکە تاکو ئامادەکردنی ئەم وتارە.

حەسەن هەیاس:

هەرێم هەرچەندە خاوەن سەنگە، بەڵام بێ خانەقین و کەرکوک سەنگی ئەو هەرێمە لەنگە

دیمانە – محەمەد تاهیر

هونەرمەند حەسەن هەیاس بەنەغمەو جریوەو سەدای ئاڵتونی، هەواوادارەکانی ئاوێزانی جوانی و سۆزو موحیبەت کردووە، ئەو وەختێك گۆرانی دەچڕێت دڵ لێوانلێوی موحیبەت دەبێ و ڕقەکان خامۆش دەبن، عاشقەکان سەرەتاتکێ بۆ ژووانە بێ کۆتاکان دەکەن، بەوتنی کۆپلەیەك لەشاکارەکانی خەمەکان دەڕەوێنەوە، ئەو چاوساغێکی هونەری ڕەسەن و مەقاماتی گەرمیان و کوردەوارییەکەیەتی، ئەزمموونی زۆری و دڵسۆزیی و بەئەمەکی و هەڵوێستی جوانی، بووەتە هۆی سەرکەوتنی هەمیشەیی و، گوێگرەکانی هەموو تەمەنەکانی تێپەڕاندووە، حەسەن هەیاس هونەرمەندی هەموو قۆناغەکانەو هەمیشە بەکارو بەرهەمە جوانەکانی خۆشنوودیی دەبەخشێتە هونەردۆستان، لەهەر دانیشتنێکدا بێت، ئیدی هەموان بەدیار دەنگە زوولاڵەکەیەوە دۆش دادەمێنن و دەروونیان تەواو تەواو ئاسودە دەبێت، هونەرمەند حەسەن هەیاس تژییە لە هونەری باڵاو خاوەنی جوانترین هەست و ئیحساسە (گۆڤاری تیڤی) بەپێویستی زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامبدات

*** هونەری کوردی بەتایبەتی موزیك و گۆرانی لەئێستادا لە چ ئاستێکدایە؟**

- لە ئاستی حاڵ و گوزەرانی دانیشتوانی هەرێمدان.

*** ئایا نووسینی شیعرو دانانی ئاواز بەشێکی گرنگی سەرکەوتنی هونەرەکەتن؟**

- بەڵێ چونکە گۆرانی پەیامە و شیعریش ناوەڕۆکی ئەو پەیامەیەو ئاوازەکەش چۆنییەتی دەربڕینێتی، ئەگەر شیعرێکت هەڵبژارد دەبێت بزانی چ ئاوازێك بۆ ئەو شیعرە گونجاوە، شیعر هەیە غەمگینە، ناکرێت تۆ ئاوازێکی شادی بکەی بە بەردا.

*** دەوترێت هەر هونەرمەندێك لەڕووباری ئەڵوەن ئاو بخواتەوە سەدای خۆش دەبێت، ئەم وتەیە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- پەندی پێشینان بە زۆر شتدا دەوترێت بەڵام پێوەر نییە، هەرکەسێك خەمی زۆربێت لاواندنەوەکەشی دڵگیر دەبێت، ئەڵوەنیش خەمی زۆرەو هۆکاری خەمەکانیشی جیاوازە لە خەمەکانی تر.

*** خانەقین لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- خانەقین میلکانی منە، زێدی منە، دووەم نیشتمانی منە، ئەو شوێنەیە کە دایك و باوك و براو خوشك و کەسوکارمی تیادا نێژراوەو خۆشم حەز ئەکەم کە مردم لەتەنیشت یاخود نزیك ئەوان بنێژرێم.

*** لەئێستادا کارە هونەرییەکانت بەکوێ گەیشتوون؟**

هونەری باش، ئەدەبیاتی باش سنوور ئەبەزێنن و، وڵات بە وڵات ئەگەڕێن، شکور بۆ خوای گەورە هونەرەکەی منیش تا ڕادەیەك سنووری بەزاندووە.

*** تا چەند شارەزایی لە مەقامەکان، بنەمایە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند؟**

- مەقام خشتەی بناغەی هەموو گۆرانییەکە، بۆیە شارەزابوون لە مەقام بناغەی سەرکەوتنی هونەرمەندە

*** لەڕووی سیاسییەوە کەرکوك و خانەقین یەك چارەنووسیان هەیە، پێتانوایە لەڕووی هونەریشەوە هەر وابێت؟**

- کەرکوك و خانەقین دوو شاری دەوڵەمەندن بە نەوت، بە مەقامە ڕەسەنە کوردییەکان، بە ئازایەتی، بەکوردپەروەریی، بەرۆشنبیریی، بە مادەی ١٤٠، بە پشتگوێخستن، بەڵێ لە هەموو ڕووەکانەوە، هەرێم هەرچەند خاوەن سەنگە، وەك بەهارەو رەنگاو ڕەنگە، بەڵام بێ خانەقین و کەرکوك سەنگی ئەو هەرێمە لەنگە.

*** گۆرانیت بۆ چی بابەتێك نەوتووە کە حەزت دەکرد بیڵێی؟**

- بابەتەکان زۆر زۆرن و هەندێکیانیش ئامادەن بۆ تۆمارکردن بەڵام (با) بەگوێرەی دڵ کەشتیوان نییە، بارودۆخی ژین پشتیوان نییە.

*** دەوترێت هونەری کوردی بێنازە، تا چەن ئەمە درووستە؟**

- بەڵێ هونەری کوردی بێنازە، چونکە کورد بێ دەوڵەتە، دەوڵەت پشتگیری لەهەر بوارێك بکات بێگومان ئەو بوارە گەشە دەکات.

*** حەسەن هەیاس بەکێ و بەچی هونەرێك سەرسامە؟**

- سەرسامم بە هونەری ڕەنگاو ڕەنگی نەتەوەکەم، نوقمم لە خەم و ئازاری نەتەوەکەم، سەرسامم بەو مەقاماتە ڕەسەنانەی گەرمیان، کە هەرچەند تێکستەکانی گۆڕاون بەڵام ئاوازو نەغمەکانی لە سینەی مامۆستا عەلی مەرداندا پارێزراون و بۆمان ماونەتەوە، سەربەرزم بەو خەرمانە بەستەیەی کە مامۆستا زیرەك بە جێی هێشتووە بۆمان، دەوڵەمەندم بەو حەیران و لاوکانەی کە گوزارشت لە سەدان داستانی جۆراوجۆری نەتەوەکەم دەکەن، ئەگریم لە پاڵ ئەو هۆرەو مووڕهێنانەوەی کە بۆ لەدەستدانی گەورە پیاوان و عاشقانی نیشتمانەکەم وتراون، شەفەقی ئێمەش هەر دێت و هەر دێت.

شنە عەبدوڵا.. ئەو ژەنیارەی ولیەم یۆحەنا عوودەکەی خۆی پێ بەخشی

عەبدولستار جەباری

رەسوڵ هەمزاتۆف دەڵێ «کاتێ لێت دەپرسن تۆ کێی؟ دەتوانی ناسنامەی خۆت پێشان بدەیت. بەڵام کاتێ لە گەلێك دەپرسن ئێوە کێن؟ دەتوانن زانا و نوسەر و هونەرمەندەکانیان پێشکەش بکەن».
گەلی کوردیش ئێستە خاوەنی دەیان کەسایەتیی بەتوانایە لە بوارە جیاجیاکاندا کە جێی دەستیان دیارە، هونەرمەند مامۆستا «شنە عەبدوڵا محەمەد» یەك لە ژەنیارە بەتواناکانی ئامێری عوود و کەمانچەیە، کاتێك لە بەرنامەی «قەلەندەرخانە» ئەم هونەرمەندەم بینی کە بەهەستێکی جوانەوە عوودەکەی دەژەنی، هەستم کرد خاوەنی ئەزموونێکی گەورەی هونەرییە، بۆیە بەلامەوە گرنگ بوو لەبارەیەوە بدوێین.
سەرەتای خولیابوونی شنە عەبدوڵا بە هونەری موزیك، دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی و وەك خۆی دەڵێ، «لە منداڵیمەوە ئاشنا بووم بە مامۆستای هونەرمەند «ولیەم یۆحەنا» کە وانەی موزیکی پێ دەگوتینەوە لە باخچەی منداڵانی سلێمانی، لەوێ ئامێرە موزیکییەکانی پیانۆ، ئۆکۆردیۆن، کەمانچە و ریتمییەکانی لێ بوو، مامۆستا ولیەم زۆر منداڵەکانی خۆشدەویست، رۆژانە ئۆکۆردیۆنەکەی دەکردە شانی و، موزیکی لێ دەدا کە لەوێ هۆڵێکمان هەبوو، رۆژێك منیش چوومە سەر تەختەی شانۆکە و نزیك بوومەوە لە ئامێری ئۆکۆردیۆنەکە، دەستم خستە سەر دوگمەکان و دەنگێکی گەورە لە ئامێرەکەوە دەرچوو، لەوکاتە مامۆستا ولیەم هات و منیش لە تەنیشت ئۆکۆردیۆنەکە دانیشتم، ئەوەبوو هاتە لامەوە و دەستی بەسەرمدا هێنا و هانی دام بۆ فێربوونی موزیك، بۆیە ولیەم یۆحەنا وەك مامۆستایەك یەکەم هاندەرم بوو بۆ ئەو بوارە.
زیاتر گوتی، لەوە بەدواوە هاتمە نێو دنیای میوزیك و دواتر بووم بەژەنیار، بەشداریم لە دەیان چالاکی و فێستیڤاڵی منداڵان کرد.
بەڵام بەداخەوە ئەم مامۆستایەم ماوەیەك باری تەندروستی تێکچوو و دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا، لە رێکەوتی ٢٠٠٥/٩/١٤ کۆچی دوایی کرد، بەرلەوەی بەجێمان بێڵێت، ئامێری «عوود»ەکەی پێشکەش کردم شەوێك کە ئیتر باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، «خاتوو ڤیکتۆریا»ی خوشکی لە ماڵەوە لەلای دەبێت و ئەو تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی مامۆستا ولیەم بانگت دەکات، منیش چووم بۆ لای مامۆستا بەخوشکەکەی گوت عوودەکەم بۆ بێنە و بیدە دەستی «شنە»، پێی گوتم ئەوە یادگاریی منە بۆ تۆ. ئیتر فرمێسك بەچاوم دەهاتە خوارەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی منیش وەك وەفایەك بۆ ئەو رێز و خۆشەویستییەی ئەو مامۆستایەم، بڕیارمدا کارنامەی دەرچوونم لەسەر ژیان و کاری هونەریی ولیەم یۆحەنا بێت و دواتر لە دووتۆی کتێبێکدا بەناونیشانی «ولیەم یۆحەنا، ژیان و کاری هونەری» لەسەر ئەرکی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد و بەراوێژی هونەرمەند مەزهەری خالقی چاپ کرا، ئەوەبوو لە رێکەوتی ٢٠١٣/٩/١٤ و لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ولیەم یۆحەنا، لە هۆڵی تەوار لە شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کەوتە بەردیدی خوێنەران.
ئەمەش بەشێکە لە کار و چالاکییەکانی هونەرمەند شنە عەبدوڵا:
* لە ساڵی ١٩٩١ چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٥ ـ ١٩٩٦ بەپلەی «باڵا» بەشی موزیکی تەواو کرد.
* پاش چەند ساڵێك چووەتە بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین و لە ساڵی ٢٠١١ ـ ٢٠١٢ بەپلەی «زۆر باشە» بڕوانامەی بەکالریۆسی بەدەست هێنا .
*لە ساڵی ١٩٩٤ بووەتە ئەندامی تیپی موزیکی مەولەوی و وەك ژەنیار بەشداریی لە ٢٢ کاری هونەری کردووە.
* لە ساڵی ١٩٩٧ بە مامۆستای موزیك دامەزرا لە قوتابخانەی نەورۆزی سەرەتایی. ئەو قوتابخانەیە پێشتر ناوی جمهوری بوو و دواتر ناوی گۆڕا بۆ نەورۆز، لەوێ بۆ ماوەی هەشت ساڵ مامۆستای موزیك بووە و دەیان چالاکی و کردنەوەی خولی موزیکی ئەنجام داوە، دواتر بەهۆی کەمی ژەنیاری کچ، گوازراوەتەوە بۆ بەشی موزیك لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی، لەوێ ٢٠ ئاوازی بۆ منداڵان داناوە و لەسەر ئەرکی باوکی لەسەر سیدی تۆماری کردووە بەناوی تیپی موزیکی منداڵانی نەورۆز.
* لە ٢٠٠٠/١/١٥ یەکەم کاری هونەریی خۆی کە پارچەیەك موزیك بوو، لە کەناڵی کوردسات تۆماری کردووە بەناوی پارچە «شنەی ئاواز».
* لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٣ لە «کازیوەی سەرشەقام» وەك مامۆستای موزیك دەستبەکار بووە و لە پێنج فێستیڤاڵ و لە دەیان ئاهەنگدا بەشداریی کردووە.
* لە ٢٠٠٣/١٠/١ لەگەڵ چەند ژنە هونەرمەندێك بووەتە دەستەی دامەزرێنەری «گرووپی کیژانی سلێمانی»، لە دەیان ئاهەنگ و کۆنسێرت و بەرنامەی تایبەتی کەناڵی گەلی کوردستان و لە بۆنە نەتەوەییەکان لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر و سۆران رەواندز و کۆیە بەشداریی کردووە.
* لە ٢٠٠٧/٥/١ لە کردنەوەی فێستیڤاڵی «المدی» لە هەولێر لەگەڵ گرووپی کیژانی سلێمانی بەکارێکی هونەری و ژەنینی ئامێری عوود بەشداریی کردووە. دواتر لەلایەن مام جەلالی خوالێخۆشبووەوە خەڵات کران.
* لە ساڵی ٢٠٠٨ لە رێوڕەسمی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەخت کە هاوکات بوو لەگەڵ هێنانەوەی رووفاتی پیرۆزی ئەنفالەکان، بەکارێکی هونەری بەناونیشانی «رووفاتی ئەنفال» بەشداریی کردووە.
* لە ٢٠٠٨/٦/٢ بە کارێکی هونەری بەشداریی کردووە لە رێوڕەسمی کردنەوەی «تەلاری هونەر» لە شاری سلێمانی.
* لە رێکەوتی ٢٠١١/١٠/٢٠ لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی هونەرمەند تایەر تۆفیق لە شاری کۆیە، وەك ژەنیاری کەمانچە بەشداریی کردووە.
* ٢٠ ئاوازی منداڵان و سێ ئاوازی بۆ هونەرمەندان نیان عەبدوڵا و هەردوو خوشك ئەڤین و ئاڤان عوسمان داناوە.
* ١١ پارچە موزیکی بە ئامێری عوود داناوە و تۆماری کردوون.
* وەك ژەنیار بەشداریی کردووە لە هەردوو درامای «ئەحمەدی نەوتفرۆش» و «سۆرانی بۆیاخچی» لە دەرهێنانی هونەرمەند حوسێن میسری.
* ئاوازی بۆ سێ ئۆپەرێتی منداڵان داناوە.
* لە ٢٠١٣/٢/١٣ کاتێ ژەنیاری بەناوبانگی جیهانی و بەرەگەز کورد هونەرمەند «نەسیر شەمە» هاتووەتە سلێمانی، چاوی پێ کەوتووە و پاش ئەوەی پارچە موزیکێکی بە ئامێری عوود ژەنیوە، ئەو هونەرمەندە دەستخۆشیی لێ کردووە، بۆیە کۆمەڵێك «کتێب و سیدی»ی تایبەت بە ئامێری عوودی پێشکەش کردووە.
* لە رێکەوتی ٢٠١٥/٣/٢٠ بەئامێری کەمان لەگەڵ هونەرمەند پەیمان عومەر لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی بەشداریی کردووە لە ئاهەنگی نەورۆز.
* لە رێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٣ بەئامێری کەمانچە بەشداریی کردووە لە «کۆنسێرتی خەون» بۆ هونەرمەندی عێراقی «ئەحمەد حەمید» لە هۆڵی تەلاری هونەری لە سلێمانی.
* لە رۆژانی ١٥ و ٢٠١٦/٥/١٦ لەگەڵ گرووپی موزیکی «لوڕ» بە ئامێری عوود بەشداریی کردووە لە کۆنفرانسی «بەرە و ناسنامە و سەربەخۆیی کوردستان لە سەردەمی جیهانگیریدا» لە زانکۆی سلێمانی.
* لە رێکەوتی ٢٠١٦/٧/٢٦ وەك ژنیاری کەمانچە لە بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیك بەشداریی لە ئۆکستراڵی و کۆڕاڵێك بەناوی «ئەی کوردینە»، بە رابەرایەتی مامۆستا نەجات ئەمین کە نزیکەی ٢٥٠ گۆرانیبێژ و موزیسیان بەشدارییان تێدا کردبوو.
* لە رێکەوتی ٢٠١٧/٣/٧ لە ساڵوەگەڕی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ٨ی مارسی رۆژی جیهانی ژنان، بە موزیك بەشداریی کردووە و خەڵاتی رێزلێنانیان پێشکەش کردووە.
لەدوای هەموو ئەمانە شنە عەبدوڵا دەڵێ، باوك و دایك و خوشك و براکانم و هاوسەرەکەم، بەردەوام پاڵپشت و هاندەرم بوونە.

سەرچاوە و پەراوێز:
١. چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ هونەرمەند شنە عەبدوڵا.
٢. کتێبی «ولیەم یۆحەنا، ژیان و کاری هونەری» نووسینی: شنە عەبدوڵا. سلێمانی٢٠١٣.

* هەرچەندە ئامێری عوود مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایینی، بەڵام لەسەر دەستی هونەرمەندانی کورد گەشەی کردووە، بۆ نموونە هونەرمەندی کورد «زەریاب» کە یەك لە ژەنیارە بەتوانا و ناودارەکانی دنیای موزیکە، لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکان و دواتر لە وڵاتی ئەندەلووس، خزمەتێکی زۆری هونەری کردووە و پەرەی بەئامێری عوود داوە، ژێی پێنجەمی بۆ زیاد کردووە. ئێستەش هونەرمەند «نەسیر شەمە»ی بەرەگەز کورد، ناودارترین عوودژەنی دنیایە، نازناوی «زەریابی سەردەم» پێ بەخشراوە.

ژماره (١٠) شوباتی ٢٠٢٢

چیرۆك

شوێن تاوان



سەلمان شێخ بزێنی

لەو دەمەوەی لە داوێنی چیا کەوە سەنگەرمان لە دوژمن گرتبوو، منو (شەوکەت) بەلای یەکەوە بوین، بە تێپەڕینی ڕۆژەکان، وا چوبوینە دڵی یەکەوە، وەکو دوو برا هەمیشە پێکەوە بوین.
وەکو دوو شەڕڤان لە ناو یەکینەکانی بەرگریکارانا ئەو بووە فەرماندەم و لە کوێ بوایە لەکن خۆیا دەیبردم، چی لە دڵی بوایە بۆی باسدەکردم!
لە وەتەی ئەو دەنگۆیەی ژنەفتبو، کە پیرو کەنەفتەکان، گەیشتونەتەوە کەمپەکانی دهۆك، شەوکەت جێی بە خۆی نەدەگرت، هێندەی پرسیاری لە بارەی گرتیانەوە دەکرد، منی ماندو دە کردو خۆم لێی دەبوارد.
وا بۆ سالێك دەچێت (شەوکەت) لە سەرچیاکەوە لە شارۆچکەکەی دەڕوانێت، هێندە بە حەسرەتەوە لە کوێرەوەری خەلك و کاولکاری شارەکەی ڕوانیبو، سکی پڕبوو لە ژان و چاوەکانی لە کزیدابون، بۆ دور هەتەری نەدەکرد. ئەو ڕۆژە کەڵکی لەو دوربینە وەرگرت کە لە خالی چاودێریەکەدا هەبوو.
لە سبەینێ زویەوە، لە نێو سەنگەرە کەیەوە لە شاری دەڕوانی...
شار وێران و ژیان تیا نەماو، بۆنی خوێن و باروتی تیا دەهات! ستونە کانی کارەبا لاربونەتەوە، تەلەکان پچڕاون، شار خامۆش، باڵندەکان لە تەمتومانی زوڵم و زۆرا تارو ماربونە. باخچەکان بونەتە وشکەلان، دیوارەکان بەلادا هاتون، بەشیك لە میچی خانوەکان داڕوخاون، باڵەخانەو بەڕێوە بەرایەتییەکان بە فیشەك و خومپارە دابێژراون، سەربانەکان کراونەتە سەنگەرو قولەی چاودێری. (شەوکەت) فرمێسك بەر بینایی دەگرت، نەیدەتوانی دەروحەوشەی مالی (گوڵخان) بەرجەستە بکات، ئەو کیژەی ئەمی کردبووە هەڵبەستڤان و ئاسکی سرکی خەیاڵەکانی بوو.
لە کەلکەلەی سۆراخی گوڵخانا... سەری سوڕی دەخوارد، بەرەبەرە گیانی دادەهێزرا، دڵە خورپەی پێدەکەوت، خەریکبو تروسکایی هیواو ئومێدی دەکوژێتەوە و ناخی دەکاتە تاریکستان.
لچولێوی قەتماخەی گرتبو، گەروی تاڵببو، هەستیدە کرد هێندە بێهێز بووە لە وانەیە بەرگە نەگرێت و داخێکیتر بە دڵی دایکییەوە بدات! دووای ئەوەی کوڕە گەورەو بوك و منداڵەکانیان بەرچنگی دوژمن کەوتن.... ئەمیشی بچێتە سەر.
شەوکەت لەکاتی هاتنە خوارەوەیا چاوی چووە سەر ئەو پیاوانەی لە سەروی دۆڵەکە خەریکن گۆڕێك لێدەدەن. ڕوی لە من کردو گوتی:» پیرو کەنەفتەکان بەرگەی قاتو قڕی و بای ساردو گەرم ناگرن، منداڵانیش لە بەدخۆراکیدا دەمرن، ئەوەتا گۆڕستانێك لە سەروی دۆڵەکە چێبوە.»
شەوکەت فەرمانی بەدو شەڕڤان کرد بچنە هاوکاری ناشتنی مردوەکە. منی بانگ کردو تفەنگ و فیشەکدانەکەی پێدانام و بەگەر خۆیدام، چوینە لای فەرماندە (عیسا)، سلاومان لێکرد، سلاوی داینەوەو داوایکرد دانیشین، شەوکەت هەر بە پێوە وەستاو گوتی:» بۆکارێك هاتوم.» فەرماندە بێئەوەی بپرسێت، نەخشەیەکی نیشان داین و گوتی:» لە کاتی ئۆپراسیۆنەکەدا یەکە سەربازیەکەی ئێوە هەولی شپرزە کردنی دوژمن ئەدات!.» شەوکەت ڕەنگێکی هێناو بردو گوتی:» بەلام من هاتوم مۆڵەت بخوازم، دەچمە کەمپەکانی دهۆك و پورە (نەخشین) دەبینم.» فەرماندە عیسا، گوتەکەی تەواو نەکرد، برە پارەیەکی بۆ ڕاگرتو گوتی:» ئاگاداری خۆتانبن و زو بگەڕێنەوە!.»
لای بەیانی گەیشتینە کەمپەکان، خۆرو بان گەرم ببو، چاومان بە گوزەرانی ئەو خەلکە دەکەوت دڵمان دەگوشرا، بە نێو خێوەتەکانا خێرا هەنگاومان دەنا، سەرمان نەویدەکردو خۆمان لە خزم و خوێش دەبوارد، دۆزەی خێوەتی ژمارە ١١٨ بوین.

لە بەر خێوەتی ژمارە ١١٨ ڕاوەستاین، ژنێك هاتە دەرەوە، فۆتەکەی ڕێکخست و دەستی درێژ کرد تا بچینە ژورەوە.
ناو خێوەتەکە بۆنی کەڕوی لێدە هات، ڕایەخێکی پەڕ پوت، پیرە ژنێك دانیشتبو، سێ منداڵ خوارو ژور بە دەورێوە بون. شەوکەت سلاوی لێکردو بە پورە (نەخشین) ناوی هێنا.
پورە نەخشین ئاهێکی هەڵکێشاو ڕوندك زایە چاوەکانی و بە ڕوخسارە چرچو لۆچەکانیدا هاتنە خوارەوە، چاوەڕێی پرسیاری نەکرد، ڕوی لە شەوکەت کردو گوتی:» قوربانتبم... ئەوە قەدەری هەندێك لە مرۆڤەکانە! ئێمە چاوەڕوانی پیکابەکەی فەرعۆی برازام بوین، کاروانی دووەم بمانگەیەنێتە سەرچیا، ئەو کچۆڵەیەش لەبەر من مایەوە، لە ناکاو دایان بە سەرمانا، دنیا لە بەرچاوما تاریك داهات، ئەوەندەم دەزانی لەگەڵ (گوڵخان) بەلای یەکەوە بوین و دەستەکانی ویم لە کۆشە خۆم نابون، بە زۆری ڕاپێچیان کردین و بردیانین لە حەسارێکیان کۆ کردینەوە، شەو بوو نەمدەزانی کوێیە.
خەڵکێکی زۆر گیرابون، ئێمەش لەناو ئەواندا بوین، کەسم لێ نەدەناسینەوە، چەتەکان... هۆڤیانە بە سەرمانا وەردە بون و بڕیان دەکردین. قیژەو گریانی ژن و زاروکان ئاسمانی پڕ کردبوو، منیش زیاتر (گوڵخان)م بە خۆمەوە دەنوساندو نزامدە کرد تا لە ئاستمان کوێراییان دابێت.
چەتەکان وەکی گورگ پەلاماری لای ئێمەشیانداو (گوڵخان)یان لێ ساندم، چم لە دەست نەهات، زۆر لە بەریان پاڕامەوە، بە سەر پاوو پلی پیسیانا کەوتم، نوشتامەوەو چنگم لە خۆڵ و خاشاکداو بە سەر خۆماکرد. گوێیان پێنەدام، هون بێویژدان و نە مرۆڤبون.
لە تاریکیدا دەستم گێڕا، چەند هورتکە بەرد هاتنە دەستمەوەو بۆ سەرو چاویانم هەڵدان.
کورتە بالایەکی ڕیشن، قژی هاتبووە ناو چاوی، قۆنداخە تفەنگێکی سرەواندمێ لە گازەرای پشتم کەوت و لە جێ بورامەوە.
سبیانێ لە ژورێکا بە ئاگا هاتمەوە، پێلوەکانم بە خورتی هەڵبڕین، خورپە یەکی توند دڵیگوشیم، هەناسەم توند بو، هێندەی نەمابو بخنکێم، کەزانیم (گوڵخان)م لێ جیا کراوەتەوە!.
چاوم بە ژورەکەدا گێڕا، هەر ئەو چوار کچە منال کارەیە بون، کزۆڵە هەر تروشکابون، بە لێوە لەرزە لێم پرسین: ئێوە کێنە؟ یەکیان لێم نزیك بویەوە، زاری هاوردە لای گوێچکە مەوەو گوتی: دەنگمان دەبیستن، ناوێرین بئاخڤین!.
بە دەنگی کلۆمی دەرگا کە هەموان لە سوچێکی ژورەکە گرمۆڵە بون، ترس و لەرزی لە بەرخستبون... دووان بە ژورکەوتن، ماوەیەك لە کچەکانیان ڕوانی، وەرسوڕانە من و لێیان خوڕیم، لەجێی خۆم نەجولام، هاتن یەکەی پیلێکیان گرتم و لە دەرەوە لە بۆدیان سوارکردم.»
پورە نەخشین هێشتا لە قساندابو، شەوکەت پێی گوتم: «هەڵدەستین.» بێباس و خواس هەڵساین، شەوکەت دەستی بۆ پورە نەخشین هەڵبڕیو چوینە دەرەوە، پێلاوەکانی هەڵنەکێشا، لاروخوار ڕێی دەکرد.
چومە تەنیشتێوە دەستیم گرت، دەستی ساردو ئارەق لە هەنیەی دەچۆڕا، خەریکبو لە پەلوپۆ بکەوێت، چومە بنباڵیەوەو بردمە بنکەی تەندروستی کەمپەکە، بە هاوکاری پەرستیارەکان لە سەر چەرپایەك درێژمانکرد.
نوژدار هاتە سەری... دوای پشکنین، شەوکەت یان بردە ژوری مانەوە، حالی باشنەبو لە خەراپەوە بۆخەراپبون دەچو، پێلوەکانی لە سەریەك نابون!.
کیسە ئاوێکیان بۆ هەڵواسی، دووای نیو کاتژمێر... پێلوە کانی هەڵبڕین، چاوی گێڕا، ڕۆندك زایە چاوەکانی.
هەوڵیدا ڕاستبێتەوە، لای پشتی کەرەوێتە کەیم نیوە ڕاستکردەوە، پرسی:» دایکم نەهات؟» پێمگوت بە ڕێگاوەن بۆ ئێرە. داوای پەڕەو پێنوسی کرد، پەڕەو پێنوسم خستە بەردەستی، ماوەیەك بیری کردەوە، داوایکرد بیخەمە سەر تەنیشتی چەپ، هیچی بۆ نە نوسرا! پێنوسەکەی لە دەست بەر بویەوە!.
کەسوکارەکەی گەیشتە سەری حالی پەریشان بوو، منیان بە ڕێکرد، گوتیان: دەیبەینە شار.
نێو چەوانیم ماچکرد، دەستم بۆ بەرز کردەوە، وشەیەکی بۆ نە گوترا، ڕوندك زایە چاوەکانی، منیش پشتم کردو فرمێسکە کانم لەو شاردەوە.
دور نە کەوتبومەوە... براکەی ڕای گرتم و کاخەزێکی دەق کراوی پێدام، گوتی:» لە بەڕکی شەوکەت بوو!.» کاخەزەکە زادەی خەیالی خۆی بو، وەك نوسراوەکانیتری، ئەم نوسینەی بە من نیشان نەدابوو. لە دەرەوەی کەمپەکە خوێندمەوە، ڕاوەستام و بیرم لەوە کردەوە کە نەکا شەوکەت قسەی تری هەبێت بۆ فەرماندە عیسا.
گەڕامەوە بۆ بنکەی تەندروستی کەمپەکە، بەسەر ژیان ئاوایی شەوکەتا چوم.
گیانم کەوتە لەزین، هەستم دەکرد ئەم دونیا فراوانەم لێ هاتۆتەوە یەك!
ئەمێستا زیاتر لە هەفتەیەك بەسەر ئەو کاتەدا بوریوە، کە من و فەرماندە شەوکەت... فەرماندە عیسامان جێهێشتووە، چەند جارێك بە تەلیفۆن لەگەڵ یەك و دو ئاخافتین، نەخۆشکەوتنی فەرماندە (شەوکەت)م بەو گوتبوو، وەلێ بۆمردنی هەوالم پێنەداوە، ئەویش لە بارەی ئۆپراسیۆنەوە هیچی پێنەگوتوم.
وا بە ڕێوەم بۆ ئەوێ... بۆلای هەڤالەکانم، بێ فەرماندە شەوکەت لایەکم چۆڵە، پێیەکانم گرانن، ئەژنۆکانم چەندە شەکەتن، هەنگاوەکانم بێ فەرماندە شەوکەت بڕناکەن، دەترسم ئاواتەکەی نە هێنمە دی و پێش گەیشتنی ئۆپراسیۆن بەلای چەپی خواروی شار، نامەکە نەگاتە فەرماندە عیسا!!.
ئەوە چەند جارێکە لە ڕێگا... نامەکە دەخوێنمەوە، هەستەکەم ڕوحی فەرماندە شەوکەت ئاسودە دەکەم.
نامەکە:
(بۆ فەرماندە... تکایە لەوێ لولەی تفەنگەکان هەڵبڕن! لای چەپی خواروی شار گیانێك.. لەسەر پەیژەی ماڵەکەیانەوە چاوەڕێیە، هەوالی ئۆپراسیۆنی ئێمەی بیستوەو گەڕاوەتەوە هەوار، خانویەك... خۆلی مردوی لەسەر نیشتبوو، چیمەنێك ڕەنگی خوێنی گرتبوو، دەرگایەك تا ئەمڕۆ کلۆم درابوو!
نزاکانم لەوێن...لەتەك جریوەی چۆلەکەوگمەگمی کۆترو جرۆجقی پەڕەسێلکە گیرا دەبن. لەقلەقەکانیش دێنەوە سەر تاوەرەکان و ترقە بە دەنوکیان دەکەن و قورینگەکانیش چیتر بەرز نافڕن. تکایە فەرماندە... تفەنگەکان لەوێ بێدەنگ بکەن، دەبێت کنە لە شوێن ئازارێك بکرێت و چالی تاوانێك هەڵبدرێتەوە، دەبێت لە پال تەسبیحە ویرد خوێنەکەی داپیرەیدا.. ملوانکە کریستالیەکەی ئەویش هەڵ بگیرێتەوە!. تکا یە فەرماندە... گیانێك لەوێ چاوەڕێیە!.)

کەرکوك
٢٠١٧/١٢/٢٥

عومەر سەیدە: بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و نەرویژی شیعرم نوسیوه

دیمانە – محەمەد تاهیر

شاعیر عومەر سەیدە، مرۆڤێکی شیرین زووبان و هەست ناسك و پەسەندە شیعر ڕۆچووەتە نێو جەستەو ڕۆحییەوەو بێ شیعر حەوسەڵەی ژیانکردنیشی نییە، سالانێکی زۆرە دەنووسێت، پەی بە جوانییە شاراوەکان دەبات و ئاوێتەی ئازارەکانیش دەبێت، (گۆڤاری تیڤی) ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازکرد.

• شیعر لەکوێی بوارەکانی دیکەی ژیانی تۆیە؟

- شیعر و شاعیر وەکو دووانەیەکی دانەبڕاو دەبینم لە هەموو کایەکانی ژیانی شاعیردا، بۆ من وەکو عومەر سەیدە، دەتوانم بڵێم ئەگەر شیعر نەبوایە لە ژیانی مندا نەمدەزانی چی دەبم و چ جۆرە مرۆڤێك دەبووم، چونکە ئەوەی شیعر بەمنی بەخشیوە، دەتوانم جیاوازتر لە خەڵکانێك که شیعر و نەهامەتی و ئازارەکان وەکو یەك دەچوێنن: بڵێم شیعر ڕۆحی مرۆڤەکان پاك دەکاتەوە، شیعر لەهەموو بوارەکانی ژیانمدا دەبینمەوە.

• خوێنەرێکی باشی شیعر بیت، یاخود نوسەرێکی باشی شیعربیت؟

- هەردووکیان ڕاستن، ئەگەر بڕیار وایە خوێنەر بین یاخود نووسەر، باشتر وایە لەهەردوکیاندا باش بین، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بگۆڕین بۆ ئەوەی خوێنەرێکی باشی شیعر بیت، یاخود نوسەرێکی خراپی شیعر، بەدڵنیاییەوە خوێنەری باش زۆر باشترە لە نوسەری خراپ.

• بەچەند زمان شیعر دەنووسیت ؟

- بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و نەرویژی شیعرم نوسیوە، نوسین نەك وەرگێڕانی دەقی کوردی شیعرێکم بکەم بۆ ئەو زمانانە، چونکە بەڕاستی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان زمانزانی بۆ وەرگێڕان، لەگەڵ نووسینی دەق بە زمانێکی دیکە، لەبەر ئەوەی کەشی نوسین و وێناو ئاوازی ناوەوەی تێکست لە وەرگێڕاندا کاڵ دەبنەوە، جگە لە زمانی (فارسی و عەرەبی) کە لە هیچ بۆنەیەکی ئەدەبیدا نەمخوێندونەتەوە، تەنها بڵاومکردوەتەوە، بە سێ زمانەکەی دیکە لە چەند فێستیڤاڵێکی لۆکاڵی کوردستان و نەرویژ، هاوکات لە چەند فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی شیعرم خوێندوەتەوە.

• شێتبوون و بەرەو شێتبوون ناوی دووان لەدیوانە شیعرییەکانتن، بۆچی پەریسات فەرامۆشکرد؟

- زۆر ببورە کە دەڵێم، بەپێچەوانەوە هەرگیز پەریسا فەرامۆش ناکەم، جگە لەوەی نۆبەرەی بەرهەمی ئەدەبی منە، هاوکات نهێنی کردنەوەی دەرگای نوێی ریتمی ژیان بوو، پەریسا وایکرد توانای نوسینی من بۆ خوێنەر و زۆرێك لە نووسەران دەربکەوێت، ئەمەیش وایکرد لەچەند مانگێکی کەمدا چەندین دەرفەتی باشتر لە ژیانی پێش (پەریسا)م بۆ بڕەخسێت، یەکێك لەو کارانە کە وێستگەیەکی پڕ بەرهەم و هەوڵی کارم بووە، کارکردن بوو لە ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەوانی، پەریسا ئەزمونێکی تایبەتی ژیانی منە، لە هیچ دەقێکی پەشیمان نیم، ساڵی ١٩٩٩ کە وەکو ئێستا تەکنەلۆژیاو سەرچاوەی زانست و زانیاری فەراهەم نەبوو لە وڵاتدا، ئەوەی بەردەست بوو زیاتر تەنها کتێب بوو، هەر بۆیە پەریسا هەمیشە وەکو خاڵی وەرچەرخان لە شێوەژیانمدا دەبینم، ڕاستە ئاستی دەقەکان دەشێت وەکو ئێستای دەقەکانم نەبن، دواجار بیرمان نەچێت ئەو دەقانە بۆ ئەو سەردەمەو دونیابینی منێکی گەنج پڕ بەهابوون و چەندین نوسەری دیاری ئەو کاتە ڕای باشیان هەبوو لەسەری.

• نووسین ئەرك و بەرپەرسیارێتیە، یاخود خولیاو خۆخاڵی کردنەوەیە؟

- نەخێر نووسین پڕۆژەیە، دەبێت خزمەتێك بگەیەنێت کە نوسینەکانی پێش خۆی ئەو خزمەتەیان نەکردبێت، لانی کەم ئەگەر ببێتە هۆکارێك بۆ پەرەپێدانی زمان و، وا بکات بە هۆی جوانی دەقەکانییەوە خوێنەر زیادبکات، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە تاوەکو ئێستا گفتوگۆ لەبارەی زمانی ستاندارد هێشتا نەك نییە، بەڵکو ڕێچکەی بیرکردنەوە لەگفتوگۆی زمانی ستاندارد بوونی نییە، ئەرکی نووسەرە بەنوسینی جوان دونیابینی خوێنەر و لێکۆڵەرەکان ئاڕاستەی گۆشەنیگایەکی روونتر بکەن. خۆ ئەگەر هیچ لەم ئەرکانەی نەگرتبوویە ئەستۆ، دەکرێت بڵێین نووسین زیادەیەو کاتی خوێنەریش وەکو زێڕ وایە، باشتر وایە بەنووسینی بێبەهاو لاوەکی بێزار نەکرێن بەدەقی بێسود، نابێت نووسین تەنها خولیاو خۆخاڵیکردنەوە بێت، دەبێت ئەرك و بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت نووسەر.

• سەرەتا کێش و سەرواو دواتر شیعری ئازاد، پاشانیش چەند جۆرێکی دیکەی ئەدەب، ئەمانە لەچییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟

- بەحوکمی نزیکبوون و ئاشنابوونی نوسەران و بیرمەندانی رابردووی ئێمە زیاتر بە ئەدەبی وڵاتانی دراوسێ و دیارتریش شیعری عەرەبی، دەکرێت بڵێین نووسەر و شاعیری ئێمە بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی و نەبوونی ئەرشیفی کوردی سەدەکانی رابردوو، نووسەری ئێمە بە شێوەیەکی فراوان لاساییکەرەوە بووە، ڕاستە لەهەیکەل و چوارچێوەی دەقدا نووسینی زۆر بەرز و جوانمان هەیە، بەڵام ئەگەر لەگۆشەیەکی فراوانترەوە بڕوانینە دونیای ئەدەب و ژانری شیعری، کێش و سەروا(مەوزون و موقەفا)ی عەرەبییەو شیعری (غینائی)یشی پێ دەوترێت، لە ئینگلیزیدا (لیریك)ی پێدەوترێت، ئەو جۆرە شیعرانە بەناو هەموو سەردەمەکاندا دێت و دەچێت، چونکە جگە لەچەند هونەرمەندێك و ئاوازدانەرێکی کەم نەبێت، بە ئاسانی ناتوانرێت دەقی ئازادو نوێ لە گۆرانی و سروود بەکار بهێنرێت، بەو پێیەی من ئەکادیمیای ئەدەبم خوێندوە ئەو ستایلی نوسینانە پەیوەندییان بە سەردەمێکی دیارکراوەوە هەیە، دوای تەواوبوونی سەردەمەکەیان و هاتنە ئارای جۆرێکی دیکەی شیعر کە بەدڵنیاییەوە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کاریگەری خۆی لەسەر هەیە، ناوی قوتابخانەی ئەدەبی سەردەمی خۆیان هەڵگرتووە، بۆ نمونە(سەردەمی باروکا، کلاسیك، رومانسیزم، ریالیزم، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە ... ئێستایش دوای سەردەمی ئێمە ناوێکی بەسەردا دەسەپێنرێت بۆ نمونە ئەدەبی سەردەمی تەکنەلۆژیا، کەئەمەیان چاوەڕوان نەکراو بووە لەسەردەمە زۆر کۆنەکاندا.

• ئایا دیوانی شیعریی دیکەت ئامادەن؟ چەندن و بۆچی بڵاویان ناکەیتەوە؟

- بەڵێ بەرهەمی زۆرم ئامادەیە، چونکە ماوەی چواردە ساڵە هیچ کتێبێکم بڵاو نەکردوەتەوە، جاروبار لە ئەکاونت و پەیجی خۆم لە سۆشیەڵ میدیاوە لێیان بڵاو دەکەمەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی وەکو کتێب بڵاویان بکەمەوە لە ئێستا باوەڕم وا نییە کتێب وەکو پێویستی کۆمەڵگەی ئێمە جێی مابێتەوە، هەڵبەت لەم ڕووەوە زیانی گەورە بەر ڕۆشنبیری تاك و کۆمەڵگەی کوردی کەوتووەو ساڵانی داهاتوو ئەو کارەساتە درك پێدەکرێت کە ئێمە بەهۆی کرانەوەمان بە هەڵە لەدونیای تەکنەلۆژیادا چەند دوای کۆمەڵگەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەکەوین، چونکە لای ئەوان بە سیستم لە دایەنگەو قوتابخانەو زانکۆو ناوەندە ئەکادیمییەکان کار لەسەر گرنگی ڕۆڵی کتێب دەکرێت، لای ئێمەیش بە پێچەوانەوە گوێنەدان و کەمتەرخەمی بایەخی بۆ ئەدەب و هونە و تەنانەت زانستیش کەمکردوەتەوە، هەر بۆیە لە ئێستادا دڵنیا نیم بڕیارێکی تەندروست بێت بڵاکردنەوەی کتێب، بەڵام بەشێوەی پڕۆژەیەکی تاکە کەسییم، پڕۆژەیەکی جیاوازترم هەیەو ماوەیەکی زۆرە پلانم هەیە بۆی، بەڵام لە ئێستادا تەنها بیرۆکەیەو هیچ هەوڵێکم بۆی نەداوە، بیرۆکەکەیش بڵاوکردنەوەی کتێبەکانمە بەڵام بەو جۆرە تەقلیدیە نا، بەڵکو بەپڕۆژەیەکی جیاواز، کە لەناویدا بەها بۆ کتێب دروست دەبێت ئەگەر بەو پلانەی هەمە جێبەجێ بکرێت.

• بۆچی زۆربەی دێڕە شیعرییەکانت بێ هیوایی لێ بەدیدەکرێت؟

- هەر وەکو چۆن کرێکارێك تا ئێوارە کار دەکات و دەزانێت چەند ماندووەو ئەوەی ڕۆژی دواتر چاوەڕوانی دەکات هەمان ئەو ڕۆتینەیە کە ئەمڕۆ دەبێت تەواوی بکات، لەپڕ وورتەیەکی لێوە دێت هێندەی دەیان کتێبی تیۆریی مانا لە پشتی ئەو ورتەیەوە هەیە، دەشێت بەو ستایلە لە نووسین کە من دەیکەم زیاتر سەرنجی خوێنەر رابکێشم بۆ ناو دونیای خوێندنەوەو لەوێشەوە دەشێت بیبات بۆ دەستبردن بۆ کتێبی زۆر باشتر، بیریشمان نەچێت جگە لەوەی من خۆم کرێکارییم کردوەو درکی ئەو هەستەی پشت ئەو ورتەیەی کرێکار دەکەم، هاوکات منیش دواتر وەك هەر مرۆڤێکی ئاساییم و دەکرێت لە ساتێك لە ساتەکانی ژیاندا درکی بێهیوایی بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم زیاتر ناوەڕۆکی شیعریی من وایەو ئەوەی پێویستە، ئەگەر نا، وەکو خۆم پێموایە مرۆڤێکی بەهێزم و هەرگیز بێ هیوا نیم.

• چۆن پێناسەی ئەدەبیات بەگشتی و شیعری ئەم سەردەمە دەکەیت؟

- ئەگەر باسی ئەدەب و شیعری کوردی دەکەین، ئەوە دەبێت بوێرانە بڵێین لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا لەخراپترین سووڕی خۆیدایە ئەدەب و شیعری کوردی، لە تواناو ماندوبوونی نوسەرو شاعیرە باشەکانمان کەم ناکەمەوە لەناو ئەو فەوزای بەناو ئەدەب و شیعرە بازاڕییە زۆرەی ئێستا هەیە، هاوکات چەندین بەرهەمی جوان و ناوازەمان هەیەو دەستخۆشی لەو نوسەر و شاعیرە جواننوسانە دەکەم و بەهیوام نموونەیان زۆر بێت و هەرچی نمونەی نوسەر و شاعیری خراپنووسە هەرچی زووە واز بهێنن با خوێنەر لەوە زیاتر دوور نەخەنەوە لە کتێب و بێزاریان نەکەن.

• ئەگەر شیعر نەخوێندرێتەوە دەمرێت، یاخود خوێنەری مردوو وای شرۆڤە دەکەن؟

- شیعری زیندوو ئەو شیعرەیە کە خۆی مانا دەدات بە زیندوێتی خۆی، خوێنەر ناچار دەکات هەمیشە لەگەڵیدا بێت، لە کوێی دونیا بووە دەقێکی بەرزی زیندوو خوێنەر بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەری؟ نەخێر شیعری جوان نەمرەو لەدڵ و هزری خوێنەرو وەرگردا دەمێنێتەوە، شتێك نییە بەناوی خوێنەری مردوو، خوێنەر بە ئاستی ڕۆشنبیری و دونیابینی خۆی و ئارەزووی خۆی ئاستی دەقەکان هەڵدەسەنگێنێت، هەر بۆیە خوێنەر کە دەخوێنێتەوە یانی ئەو کەسە زیندوێتی بە بەهاترە لە کەسانی دیکە، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ ئەو خۆشەویستانەی زوڵمی ژیان و ڕۆژگار وایکردووە خوێنەوارییان نەبێت یان نەچنە بەر خوێندن، بەڕاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواریش بەبڕوانامە نابینم، بەڵکو بەوە هەڵیدەسەنگێنم چەند و چی دەخوێنێتەوە، ئەمەیان خاڵی جەوهەرییە لای من وەکو نوسەر.

ژماره (١٠) شوباتی ٢٠٢٢

لەڕەنگی گۆمەزی سادەیی من



خالید کاوێس قادر

دەنگێك دەمبا
لە ڕەنگی گۆمەزی، ئاسمان
لەرەنگی سادەیی من، مانگ
شمشێرەکەم لەشەکراوی هەڵدەسووم
لەبەفراوی دەنێم
لە شەکراوی، دەنگێك دەمبا
سادەیی من
چاڵە بەفرینەی بناری
ئاسمان، شمشێرەکەم
مانگ، سادەیی من
دەنگێك دەمبا
بەخەواڵوویی مردن
خەیاڵێك لە جەستەم
ملی لارکردۆتەوە
مردن لە ئاسمانێ
خەیاڵ لەسادەیی من
بەخەواڵوویی دەنگێك دەمبا
شمشێرەکەم لەجەستەمدا
لەشەکراوێکدا ملی لارکردۆتەوە
ئاسمان ..شمشێر
مانگ، خەواڵوویی من
پەرداخەکەم بەتاڵدەکەم
گوڵاو لە سادەییم دەڕژێ
تیشکێك لەجوانی دەنگێك دەمبا
لەشەکراوی گوڵاوم دەنێ
جەستەم لەچاڵە بەفرینەی بناری
ملی لارکردۆتەوە
هەقایەتانم بیردەخاتەوە
(ژیان تەمبەڵخانەیەکی جەنجاڵە
بلوێر بۆ سەراب دەژەنێ)
دەنگێك دەمبا
لەرەنگی گۆمەزی، ژیان
لەرەنگی سادەیی من، ئاسمان
شمشێرەکەم لە تەمبەڵخانەی ژیان
ملی لارکردۆتەوە
لە بەفراوی دەنێم جەستەم
مردن، هەقایەتانم بیر دەخاتەوە
سادەیی من
گوڵاو پڕژێنی ژیاندەکات
دەنگێك دەمبا
تیشکێك لەجوانی دەنگێك دەمبا
لەشەکراوی گوڵاوم دەنێ
جەستەم لە چاڵە بەفرینەی بناری
بەسادەیی ملی لارکردۆتەوە
....
ژنێك لە چیا
ژنێك سیغاری ئاکام
بەخەونی ئاڵتوونی دەپێچێتەوەو
شیری پیرەچنار
ڕکێفی ماینی لەخاچەدات و
بەنێو تەمی دەرمانخواردووی
دوێنێ تێدەپەڕێ
ژنێك جلی بووکێنی پۆشیوەو
لە کچێنی خۆی دەگەڕێ
ژنێك کولێرەی گەرمی بەیانیان
بەغارێك وەك ئەسپێ
رووتدەبێتەوەو
لە چیاوە،
لە درزی بای شەرمنی بنارەوە
ژنێك زەمینی باکێشاوی ئاگرە
سیغاری ئاکام دەپێچێتەوەو
بەخەونی ئاڵتوونی تێدەپەڕێ
ژنێك کولێرەی گەرمی بەیانیان
ڕکێفی ماینی لەخاچەدات و
لە کچێنی خۆی دەگەڕێ
ژنێك خانمی نارەحەت
سیغاری ئاکام لە خاچەدات و
بە دوێنێدا تێدەپەڕێت
پەرداخی پڕی ڕژانە
شەوی پیرۆز
مەرەکەبی ئارەزووی ڕەنگ
ژنێك سەری وەسەر ڕانی ڕەهاوە
چەناگە خڕ
قەرتاڵەی پڕ
شیری پیرەچنار لە خاچەدات و
لە چیاوە
لە درزی بای شەرمنی بنارەوە
زەمینی باکێشاوی ئاگرە
بە بێدەنگی ڕووتدەبێتەوەو
لە کچێنی خۆی دەگەڕێ
نیگەران وەك:
گەمارۆی چەقۆ
ونەوشەیی وەك:
کازیوە
دەچێتە ژووری بندانەوە
لە یاخیانی جێژنی سوارە
بەردی بەر هەتاوێی گەرم
پیرە چنار ،
شیری ئاکامی ڕژانە سەر
ئەو هیچ نائێت
ژنێك زەمینی باکێشاوی ئاگرە
چەناگە خڕ
قەرتاڵەی پڕ
لە کچێنی خۆی دەگەڕێ.

قاوەخانەی جوانی

هەوڵێك بۆ تێگەشتن
لەژیان و ساناکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی

عبدالله النعیمی

و: هەڵمەت هۆشیار

کێ دەڵێت: هەموو ئاخاوتنێکی جوان پیاهەڵدانە؟!

یەکەم دەستگوشین

هەڵبژاردنی بیرۆکەیەك بۆ کۆپەڕێك (کتێب) بابەتێکی ئاسان نییە، مەزنترین بیرۆکەکانیش ئەوانە نین کە بەشوێنیاندا دەگەڕێین، بەڵکو ئەوانەن لە کاتێکدا ئێمە سەرقاڵین بە بابەتی دیکەوە بەلام ئەوان لە پڕ وەکو باران بەسەرماندا دادەبارێن.

بەیانییەکی باراناوی زستان، (ناز) ساقی قاوەخانەکە لەسەر سینییەك قاوە تایبەتەکەی بۆهێنام، بەر لەوەی لەسەر مێزەکەی دابنێت بە تیلەی چاو لەو پارچە کانزا ڕەنگ ئاڵتونییەم ڕووانی کە بە لای چەپی سنگییەوە هەڵواسرابوو لەسەر کراسە ڕەشەکەی وەکو نەخشێك دەرکەوتووبوو..

- ووتم: ناوەکەت زۆر جوانە.

زەردەخەنەیەکی ناسکی لەسەر ڕوخساری نەخشان، ئەوە جوانترین و پڕماناترین وشەگەلێکیان دەگەیاند کە لە ناخێکی پڕ لەشەرم و شڵەژاوییەوە هاتنەدەر، بە ڕێزەوە بەجێهێشتم. ..

گەیشتمە ئەو بڕوایەی بپرسم: (کێ دەڵێت هەموو ئاخاوتنێکی جوان پیاهەڵدانە؟!)

لەو کاتە تێژتێپەڕەدا من کەمێك شادمانیم پێشکەشی (ناز) کرد و ئەویش بیرۆکەی نوسینی کۆپەڕێکی نوێی بۆم کردە دیار.

هۆکاری شادومانی ڕوونە، بەلام بیرۆکە هەندێ ووردەکاریی بچووکە لە ژیانماندا، ئاڵوگۆڕ پێکردنێتی لە هەزرداو و لێروانینە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کە زۆر لەسەری راناوەستین.

قاوەخانەی جوانی ئەو قاوە خانەیە کە (ناز و هاوڕێکانی) کاری لێدەکەن، منیش هەموو بەیانییەك لێیدادەنیشم وشریتی ڕووداوەکانی دوێنێ دەگێڕمەوە و لە دیمەنەکانی ئەمڕۆ وورد دەبمەوە و خەیاڵی ڕوخساری سبەی دەکەم، لەو قاوەخانەیە ئەو قاوە تایبەتییە دەخۆمەوە کە لەتەواوی قاوەخانەکانی دیکەدا نەمخواردۆتەوە.

رۆژێك لە رۆژەکان پرسیارێکم ئاراستەی سەرپەرشتیاری قاوەخانەکە کرد:

- (گوڵێ) پێکهاتەی ئەم قاوە تایبەتییە چییە؟

کەمێك خۆی بە ئاراستەی من چەمانەوە و وتی:

- هیچ نییە، جگە لەوەی ئێمە بە خۆشەویستییەوە ئامادەی دەکەین و بەخۆشەویستییەوە پێشکەشی دەکەین.

- کەواتە نهێنییەکە خۆشەویستییە!

- بەڵێ جەنابی نوسەر... بەتایبەت بۆ میوانە تایبەتییەکانمان.

دەڵێن:متمانە بە قسەی بازرگانەکان مەکە، تەنانەت ئەگەر لەوپەڕی ئیمانداریشەوە سوێندیشیان خوارد.

گوڵێ لێرەدا ژنەبازرگانێکەو هەوڵدەدات متمانە لای کڕیارەکانی پەیدا بکات، بەبێ ئەوەی نهێنی پیشەکەی ئاشکرا بکات، بەلام لە هەموو بارودۆخێکدا راستی دەکرد... بەوپەڕی خۆشەویستییەوە کاریان دەکرد و بەگەرمییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کڕیارەکاندا دەکرد.

سەرسام بووم کاتێك (ناز) لە بارەی کاتی دواین کۆپەڕی خۆمەوە پرسیاریکرد، منیش پێمراگەیاند: کۆتایی هاتووە. رۆژێ دواتر ئاهەنگی ئەو بەرهەمیان بۆ گێرام.

چەندین جار بەهۆی ئەوەی لە بیرم دەکرد بیخۆمەوە قاوەکەم سارد دەبوویەوە بەبێ ئەوەی داوایان لێبکەم قاوەیەکی گەرمیان بۆ دەهێنام .

چەندین وردەکاری دیکە وایانلێکردم ئەو قاوەخانەیە وەکو جیهانێکی تایبەت ببینم کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و چاکە و جوانی بونیادنراوە، بۆیە وەکو شوێنێك بۆ نوسین هەڵمبژارد و لە لای خۆمەوە ناوم لێنا (قاوەخانەی جوانی!)

کورتە چیرۆك

هەتاوی ... !!

فەیسەڵ هەمەوەندی



هەر کە گەیشتەماڵەوە .. لە سندوقی تایبەت بە یادەوەریەکانی مێردەکەی، ئەو وێنەیەی دەرهێنا، کە لە تەمەنی یەك ساڵەی هەتاوی کچیاندا گرتبویان . هەتاو بە دیاریەوە نەبوو، تا هەواڵی ئەو یادکردنەوەیەی لێ بکات . دەمێکە ئەو پرسیارەی لە دایکی نەکردووەتەوە، باوکی کەی لەسەفەر دێتەوە . ئەمێستا پێویستی بەو درۆ سپیانەی دایکی نەماوە .

چەند رۆژێکە، هەتاو خەمێك هەراسانی کردووە، دایکی هەر زوو درکی بە ناڕەحەتی کچەکەی کرد، دەیزانی گرفتێك هەیە، بەڵام نەیدەزانی ئەو گرفتە چیە، زۆر واس واسیکردبوو . بە رادەیەك جاروبار دوور لە چاوانی هەتاو بەکووڵ دەگریا، دایکە لەوە نەدەترسا روو بە رووی هەتاو ببێتەوە، بە قەد ئەوەی دەترسا گرفتەکە ئەوەبێ کە مەزەنەی کردووە، کەسێ زەفەری پێبردبێ و گلاندبێتی .

((هەیەڕۆ..چیبکەم ؟ روو لە کێ بکەم ؟ خوایە دەخیلت بم فریامان کەوە...))

هەتاو لە دیدی دایکیدا هەر ئەو مناڵە یەك ساڵەیە کە لە وێنەکەدا بە باوەشیانەوە بوو . قەد گەورە نەدەبوو، تا دایکی لە قوتابخانەی دایکایەتی ژیاندا بە رووی جەنگەڵستانیەکەی بۆ والا بکات، کە لەگەڵ ئەوەی پاساری هەیە.. (واشە)ش هەن . لەگەڵ ئەوەی مامز هەن.. مامز خۆریش هەن . لەگەڵ هاتنی هەموو شەوێ.. لوورەی گورگی برسیش دێ . هەموو خەبەر داریەك زەنگێکی تایبەتی هەیە، بەر لە روودان دەبێ لێبدرێ . خۆ ئەگەر زەنگەکە لێ نەدرا، یا دواکەوت، دەستی لێ بشۆ . دایکە دەبوو ئەو زەنگەی کە نازانێ وادەی بوو یا نەبوو، هەر لێبدایە .

((دەستم شکێ.. چۆن لەبیرم چوو؟))

وێنەکەی هەر بە دەستەوەیە، زۆر نەیدەڕوانیە چاوی مێردەکەی، نەبادا پرسیاری هەتاوی لێ بکات .

((ئافرەت.. ئێستا هەتاو گەورەبوە؟ باڵغە؟ رسکاوە ؟ مەمکی کردووە؟ گۆشتی گرتوە؟ دەچێتەوە سەر تۆ؟ وەك تۆ پڕە لە حەسرەت؟ بۆ قسە ناکەی ؟ چیبوە؟ بۆ پێشانمی نادەی؟ پێی بڵێ باوکت شانازیت پێوە دەکا . ئێمە بەردەوام باسی ئێوە دەکەین . ئێوەش باسی ئیمە دەکەن؟)).

بەدەم یادکردنەوەی رابردوو، بە خۆی دەگووت ((ئەگەر چی ژیان لەوێ سەختبوو، پڕاو پڕی رۆژگارەکان هەر زەنگی مەرگبوو . بە قەد ئەوەی مەرگ لە خەونەکانماندا دەڕسکا، ژیان نەبوو . وەلێ ژیان مانایەکی تری هەبوو، لێوان لێو لە عیشق ، ئەمێستا ئەو عیشقە زۆر کاڵبوەتەوە)).

شەوان لە ژێر لێفەکەوە تا نووستنی هەتاو مەتەڵی دلاوەرەکانی دەگێڕایەوە، کە چۆن لەتەك هاوڕێکانیدا دوژمنەکانیان هەڵدەتەکاند، چۆن رووبەرووی مەرگ شالاویان دەبرد، کێبڕکێیان بوو بۆ بۆ ئامبازبوونی پەیامێکی پیرۆزتر لە ژیان . هەتاو لە ئامێزی باوکیدا مەتەڵەکان خەویان پێنەدەبرد، ئەو باوەشی گەرمی ئەو باوکە خەواندبووی، کە بۆن و بەرامەی خاکێکی لێدەهات، بەو عومرە درکیکردبوو خۆشە لەو بۆن و بەرامەدا بنوێ . بۆنێکی تازە نەبوو، هەر لە کاتی هاتنەوەی باوکیدا هەستی پێدەکرد و زووش پێی مەست دەبوو بۆ خەو .

دایکە دەیویست قسەیەك بۆ کچەکەی گەلاڵە بکات، کە بتوانێ لە قسەکانی باوکی بچێ، بەڵام ئەو داڵغەیەی پیا گوزەری کرد، هەموو شتێکی لەبیر بردەوە . بە کزیەکەوە وێنەکەی خستەوە شوێنی خۆی و سندوقەکەی داخست .

هەتاو زۆر بە کەیف و خۆشیەوە باوەشی بە دایکیدا کرد و روومەتەکانی ماچ کرد، وەك ئەوەی مەزەنەکەی دایکی بە درۆ نەخستبێتەوە، مژدەی داخوازبێنیکەری پێبێ، وەلێ هیچی نەووت و هیچی هەر نەدرکاند. بەر لەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆی، بەرانبەر بە وێنەکەی باوکی راوەستا، کە بەدارەوە کرابوو . دایکی بە حەپەساویەوە دیقەتی دەدا . ئەم کەین و بەینەی بە روودانی ئەو کارەساتە زانی کە مەزەندەی کردبوو . دیاربوو هەتاو زۆری لەو هەتیوە کردووە، بۆ ئەوەی حەیاو حورمەتی نەچێ . ئەمە گرفتەکەی لای دایکی هەتاو نەگۆڕی . هەڵبەتە ئەو هەتیوە بە چاوێکی سووکەوە لە شەرەفی خێزانەکەیان دەڕوانێ، دوور نیە رۆژێ لە رۆژان ئەمە بداتەوە بە گوێی هەتاو . رەنگە ئێدی نەتوانن شانازی بەو پیاوە قارەمانەوە بکەن، ئەو لەپڕ بداتە قاقای پێکەنین و بە تەڵفیسیەکەوە بڕوانێتە وێنەی قارەمانەکە .

((بە عەشرەتەکەیشیەوە حەدی چیە . هەڵبەت من ژنی ئەو نەمرە نیم . بەگیانی پاکی ئەو قارەمانە نایەڵم چاوەکانی بگاتە سەر وێنەکە، ساردی دەکەمەوە . من نەك لەو.. لە هەتاوی کچیشم ئەوە قبووڵ ناکەم..!)) .

هەتاو بە نازێکەوە بەدایکی گووت:

ـدایکە جلکە کوردیەکەم بۆ دەربهێنە تا من حەمامێك دەکەم..!

دایکە بە رقێك نەرمتر لە بەگژداچوونەوە گووتی

ـ دیارە داخوازبێنیکەرت هاتووە.؟

ـ گوناحە ئەمڕۆ خۆم جوان و ...

دایکە قسەکەی پێ قاچی، وەك ئەوەی درێژە بە قسەکەی خۆی بدا ، گووتی:

ـ نەوەڵا.. تۆ کچی ئەو قارەمانەی کە دەبێ...

ویستی بڵێ بە کەیفی خۆت ماوی، وەلێ زمانی وەك ئەوەی لە گۆ کەوتبێ یا زات نەکا قسەکە تەواو بکات،ناچار قووتی دا . هەتاو هەستی کردبوو دەبێ دایکیشی لەو مژدەیە بێبەش نەبێ وگووتی:

ـ کەواتە تۆش خۆت قیت و قۆز بکە ، بۆنەکە گەورەو پیرۆزە..!!

دایکی هەتاو .. قەد دڵی کچەکەی نەشکاندووە، هەردەم لە رێی ئەوەوە سەبووری بە دونیادا هاتووەو بەشێکە لە هەناسەو رووح و قسەی ئەو پیاوەی کە زۆر رێزی بۆ هەیە . ئەو کە شووی نەکردووەتەوە، پەیمانێکە لەتەك خۆیدا کردوویەتی، بە ئەمەك بێ بۆ هەردووکیان .

((خۆ کاڵێی دراوسێمان بۆ براکەی دووجاران پێیگووتم . براکەیم دیبوو . کە لەرزو تاکەم گرت، کاڵێ بردمیە لای براکەی بۆ چارەسەرکردن . ئەگەرچی دوکتۆری تەواو نەبوو، بەڵام بە هۆی زیرەکیەوە خەڵکی هەر بە دوکتۆر ناویان دەبرد . جارێکی تر بە کاڵێدا هەواڵی پرسیبووم)).

ـ دایکە کوا کراسە کوردیەکەم؟ بۆ دەرتنەهێناوە؟.

ـ ئێستا..

ـ دایکە پەلە کە..

ـ کچم پەلەی ناوێ . بەڵام تۆ جارێ پێم بڵێ کێیەو کوڕی کێیە؟!

ـ چی؟

ـ داخوازبێنیکەرەکەت ؟

ـ ئۆۆۆۆ.. ئێستا تێگەیشتم . ئەتەوێ بزانی کێیە ؟

ـ بەڵی فەرموو خانمخاس پێمان بڵێ ئەو شۆڕە سوارە کێیە؟

هەتاو پشتی لە دایکی کرد، دوای ئەوەی هەستی بە شتێ کرد لە دابڕانی دایك لە کچەکەی، بەرەو وێنەکەی باوکی رۆی کە بە دارەوەبوو . دایگرت و بە دایکی گووت:

ـ ئەمە ئەو کەسەیە کە دەبێ هەردووکمان بە جلی کوردیەوە بچینە لای و مژدەی دەرچوونمی پێراگەینم .

ـ چی؟

ـ ئەی دوێنێ پێم نەوتی ...

دایکە سەدو هەشتا پلە گۆڕاو رووحی وەبەر هاتەوە . وەك ئەوەی ئەرزێکی ووشك و برنگ بووبێ و بارانێکی بە تاو لەپڕ داباریبێ بەسەریا . ئۆخەیەکی درێژ کۆڵەی ئاخنیە ناخیەوە، هەموو کڵپەو هەڵچوونەکانی پێ دامرکاندەوە .

ما ئەوەی لە دڵی خۆیدایە بۆ هەتاوی بگێڕێتەوە، بەڵام هێشتیەوە بۆ دوای سەرقەبران.

((شەوێ پێی دەڵێم...)) .

* * *

شەوێ بەر لەوەی دەس بە گێڕانەوە بکات، سەربەاووردی رۆژە سەختەکانی شاخی بۆ گێڕایەوە . ئەو رۆژانەی هەرگیز لەبیر ناچنەوە . هەڵبەت (هەتاو)یش ئەو رۆژانەی بینیوە، وەلێ بەبیری نایەتەوە . ئەودەمە تەمەنی لە سێ قامکان تێنەدەپەڕین، بەڵام ئەوەی دایکی دەیگێڕایەوە، وەك ئەوە وابوو .. ئەو بەسەرهاتەی لە خەوندا بینیبێ . دەستی بۆ لارروومەتکانی برد، دەیویست هەست بەو ماچانە بکات، کە دایکی لە مەڕ باوکیەوە بۆی دەگێڕایەوە . خورپەیەك پیایدا گوزەری کرد . خورپەکە دوای ئەوە هات کەسێ بە ئاسپایی گونای ماچ کرد .

دایکە چوون ئەوەی نازێکی گران بەهابە باوکی هەتاو بفرۆشێ، گووتی:

((دەی ئەو پلە گۆشتەت لێبووە بە سەیروسەمەری دنیا ، ئاوێکیش بکە بەم گڕەی منا . وا خەریکە خەڵکی لە بۆن سۆ بەخەبەر دێن، ئەوجا چی بە خەڵکی دەڵێی؟)).

هەتاو دەیزانی دایکی ئەم پێچ و پەنایانەی بێ هۆ نیە، بەڵام گومانیشی لەو بیرۆکەیە هەبوو، دایکی بە بیانووی ئەوەی سبەی شۆڕەسوارەکەی دەکا بە پەلی و دایکی بۆ تەنیایی جێدەهێڵێ . خۆی بە خۆی گووت:

((بۆ نا.. ئەویش وەك هەموو ژنێ گۆشت و خوێنە . هەموو خەسڵەتەکانی ژنایەتی تیایە، چۆن کوێردەکرێتەوە . مرۆڤ لە دوو پێکهاتەدا دەژی، کە گیان و جەستەیە . نە مرۆڤی بێ گیان زیندووە، نە بێ جەستە، هەڵبەت دوای ئەو هەموو عەزابە دەیەوێ زیندووبێتەوە..!!)).

((ئەی ئەو قارەمانەی وا بەدارەوە، ئەگەر مردووە..ئێدی بۆ سەری لێ دەدەین . بۆچ مژدەی سەرکەوتنەکانمان بە جلی کوردیەوە دەبەینە سەر گڵکۆکەی . ئەو زیندوە، وەلێ لە شوێنێکی تر ئێمە نایبینین . هەست بە بوونی دەکەم، هەست دەکەم شەوێکی درەنگ دەرگاکە دەکاتەوەو دێتە نێومانەوە، هەست بە بۆنی خاك دەکەم، هەست بە زۆر شت دەکەم..!!)).

هاوکێشەکان لە هزری کەسیاندا هاوتا نیە، هەر وەك ئەو پرسیارەی دایکی رۆژێ لە رۆژان لێی کرد، شەو لە پێش رۆژە یا رۆژ لە پێش شەوەوە دێ، هەتاو هەستی کردبوو دایکی دەیەوێ بە زمانی باوکی قسان بکات، یا لاسایی ئەو بکاتەوە .

هەتاو دەبوو بەو مەزەنەیەیدا ئالای سپی هەڵدات و هەموو مەرجێکیش قبووڵ بکات .

((قەدەرەکان ناهێڵن دوای خۆمان رابردوویەکی جوان بەجێ

بهێڵین، هەر دەبێ کەلێنێکی تێبخات، بۆیە قبووڵم بوو دایکم چی بڵێ بێ دڵی نەکەم، ئەگەر نیازی شووکردنیشی هەبێ..؟!)).
دایکی هەتاو بەرانبەر بە وێنەی مێردەکەی راوەستاو حەسرەتێکی هەڵکێشا . هەتاو نەیزانی بۆچی بوو؟. تا ئاوڕی لە هەتاو دایەوەو گووتی:
((ئەم قارەمانەی کە مێردی منە و باوکی تۆ، ئەمڕۆ زانیومە ئەو نیشتمانەی ئەو باسی لێوە دەکرد، تەنها ماڵی ئێمە نەبوو . ئەو ئازادیەی ئەو باسی دەکرد، سەرفرازی هەر ئێمە نەبوو، ئەو پێش مەرگکەوتنەی خۆی، هەر قسە نەبوو، ئەو ئاڵایەی ئەو دەیگێڕایەوە هەر پەڕۆ نەبوو . بەڵام بەداخەوە نەژیا ئەمڕۆ ببینێ..؟!)).
هەتاو وەك ئەوەی باوکی هاتبێتەوە، ئەم قسانە هی ئەو بێ و بیکا، بەلەز وەرچەرخایە لای دایکی و سەرسوڕمانێکی لە قسەکان هات، کە دایکی وەك کەسێکی رۆشنبیر دەدوێ، هەڵبەت ئەمانە کاریگەری باوکی هەتاویان پێوە دیاربوو، کە ژنەکەی تێبگەێنێ بۆچی گیان بەخت دەکەن . ئەو دڵەڕاوکێیەشی لە دڵی هەتاو رەوانەوە.. کە دایکی نیازی شووکردنی هەبێ.
ما پشتی ئەو دەقە بخوێنێتەوە، کە دایکی دایهێنا . هەتاو دەستی لە ملی دایکی کردو بە کوردیەکی رەوان گووتی:
– دایکی ئازیز.. ئەو پیاوە قارەمانە ئەمێستا گوێی لێتە، شانازی بە قسەکانتەوە دەکات، منیش هەروا . بەڵام دایکە گیان .. توو گیانی پاکی ئەو نەمرە ئەوەی لە دڵتایە بێ پێچ و پەنا بۆمی بگێڕەوە، من ئامادەم گوێ لە هەموو قسەیەکت بگرم و رێزیشم هەیە بۆ هەر قسەیەك تۆ بیکەی..!
دایکە ئەو سەرگووزشتەیەی بۆ گێڕایەوە کە نەدەبوو.. بیگێڕێتەوە.

* * *

نەدەبوو ئەو قسانە بگێڕێتەوە، کە بەڕێوەبەری دەزگاکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ دایکی هەتاوی کردبوو، وەلێ هەر دەشبوو بیگێڕێتەوە ، چونکە هەتاو سوێندی دابوو . هەڵبەت قسەکە لەو زەنگی ئاگاداربوونەوەیەی دەکرد کە وادەی لێدانیبوو بۆ هەتاو .
((هەر کە چوومە ژوورەوەو ئەرزوحاڵەکەی تۆم خستە بەردەستی لە مەڕ دامەزراندنتەوە، تەماشایەکی قووڵی کردم، سەرەتا وامزانی دەمناسێتەوە، بەڵام دەرکەوت لە شتێکی تر دەگەڕا . من بە ئاسانی ناسیمەوە، بە برینی بناگوێی ..؟!))
فەرمووی سەر کورسیەکی نزیکی خۆی لێکردو زەنگێکی بۆ پاسەوانی بەر دەرگاکەی کرد .
–با کەس نەیەتە ژوورەوە، تا خۆم ئاگادارت دەکەمەوە..
دایکی هەتاو زۆر ترسا، ترسا نەبادا پێ درێژ کات .
((هەیەڕۆ چیم بە خۆم کرد..؟!)).
بەڵام لە چرکەیەکدا هەستیکرد ..ئاڵاکەی پشتی بەدەست باوکی هەتاوەوەیە . زۆر سەبووری بە رەنگەکانیدا هاتەوە، رەنگەکان بە خۆری ناوەندیانەوە لەو وێنەیەیان دەکرد، کە پێکرا لە تەمەنی یەك ساڵەی هەتاودا گرتبویان . هەر بەو مەزنەیەی هەتاو خۆربێ و باوکی هەتاویش رەنگەجیاوازەکانی ئاڵاکە، زۆر بە پەرۆشی (با)یەکەوە بوو، لەو دەمەدا هەڵیبکردایەو ئەوانی بشەکەنایەتەوە .
هەتاو هەر وەك ئەوەی گوێ لە خوێندنەوەی چیرۆکێك بگرێ،پڕ لە سەروەری، قەستی دەکرد ئەو چیرۆکە تەواو نەبێ . نووسەرەکەی ئەوەندە بە جوانی وەسپەکانی هۆنیبووەوە، وەك ئەوەی خۆی لەو رووداوەدا بووبێ . رەنگە ئەمە یەکەم حەسرەتی ئەو ژنەبێ، ئەو دایکە بێ، کە رۆژانێکی سەخت لەتەك پیاوێکی قارەمان لە بیرو ڕا قارەمان لە هەست ناسکی و قارەمان لە هاوسەرێتیدا، ئەو ژنەی گەیاندبێتە ترۆپکی فەلسەفەیەك تا ئێستا هیچ فەیلەسووفێك پێی نەگەیشتبێ .
دایکە زانی هەتاو بە بای خەیاڵێ لە گوێبیستی دایکی دوور کەوتوەتەوە، بە ماچێکی لە پڕتاو.. هێنایەوە لای خۆی و گووتی:
((دواتر بەڕێوەبەرەکە لەمن بەلەزتربوو بۆ دامەزراندنی تۆ، بێ هیچ پرسیارێك رەزامەندی خۆی لەسەر ئەرزوحاڵەکە واژۆ کرد . تا دوای واژۆکەش هەر لە ناوی هەتاویت رامابوو)).
دایکی لەبیری چوو بە کچەکەی بڵێ، بەڕێوەبەری بەڕێز ئەوەشی ووت: کە ژنە شەهید و کچە شەهید لە پێشی پێشەوەن بۆ هەموو دامەزراندن و پێداوویستیەکانی ژیان . هەڵبەت ئەوەی بیر نایەتەوە، رەنگە ئەو دەمە بە ئاڵاکەوە رۆچووبێ .
((هەتاو گیان .. من ناسیمەوە، بە برینی بناگوێی ناسیمەوە . ئەوجارەش کە دوژمن دای بە سەرمانا، ئەو لە ماڵی ئێمەدابوو، کە بەدەرکەوتین، من لە بەردێك پێم هەڵکەوت، تۆ بەباوەشمەوەبووی، کە ئەو تۆی لێسەندم، برینی بناگوێیم بینی، باوکت هاتە بن باڵمەوەو تۆش بە باوشی ئەوەوەبوی)).
هەتاو فرمێیسك بە چاوەکانیدا هاتە خوار . ئەو بۆ ئەوە نەگریا، بیری باوکی کردبێتەوە، یا لەبەر دایکی کە پێی لە بەردێك هەڵکەوتوەو ئازاری بینیوە . ئەو لەو قەدەرە دەترسێ کە بە منالی لە باوەشی فریاگوزارێکدا لە مەرگ رزگاری بوە، ئەمێستا هەمان باوەش قەرزی ئەو فریاگوزاریەی لێ دەوێتەوە . دایکی ئەو زەنگەی کە بۆ لێدا، هەتاو درکی بەو ژوورە کرد، کە دەبوو خەیاڵی بکات . هەڵبەت هەتاویش وەك دایکی ئاڵاکەی پشتی بەڕێوەبەرکەی بە دەستی باوکیەوە بینی . باوکی چاوی لێیە.. چۆن هەتاو دۆش داماوە، گوێی لەو قسانەیە کە بەقەد سێکسکردنێك هەوەس لە جەستەی گڕگرتوو بەر دەدا . هەتاو باوکی دەبینێ کە ئاڵاکە لە دەستی بەر دەبێتەوە، بەڕێوەبەر لە خۆی ناگرێ راستی کاتەوە، نەبادا شتەکان بشێوێن .
هەتاو باوکی بە برینداری لەسەر زەویەکە دەبینێ، شەڵاڵی خوێنە . ژوورەکە پڕ دەبێ لە خەڵك ، هەموو بە پێوە وەستاون . دەنگێك بە ئاسپایی لە نێویانەوە دێ:
((برینەکە زۆر سەختە .. رزگاری نابێ)) . هەتاو لە خەیاڵەکەی نابێتەوەو، بیر لەو قارەمانە دەکاتەوە، کەلەژێر پێی خەڵکی لە گیانەڵاندایە . بەڕێوەبەرەکش وەك خەڵکەکە بە پێوە راوەستاوە، ناڕوانێتە بریندارەکە ، ئەو چاوی هەر لەو هەتاوەیە کە هەموو عەقڵی بردووە .

مێژووی تەلەفزیۆن لە کەرکوك

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

(بەشی شەشەم)

- **بەشی بەرنامەکان:**
- یەکێك لە بەشە چالاکەکانی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك، کە خزمەتێکی گەورەی بە بەرنامەکانی کەناڵەکە گەیاندووە و یەکەکانی هەر یەکەی بناغەیەکی گەورە بوون لە خزمەتکردن کە بریتی بوونە لە: یەکەی منداڵان، یەکەی دۆکۆمێنت، یەکەی وەرگێڕان.
- **یەکەی منداڵان**:

